

ئەخوێننەوە، زەحمەتە بتوانن بەهەمان گڕ و تینەوە شانۆی منیش بخوێننەوە، ئەبێ کەسانێك هەبێ لەگەڵ کارەکانی منیش بڕوات بەڕێوە، ئەگەر نەبوو ئێمە دەسەتەوەسان نین خۆمان کارەکانی خۆمان ئەخوێنینەوە، جارێکیتر لەگەڵ خۆمان ئەکەوینەوە گفتوگۆ، کەسانێك دائەنێین کە پرسیار و وەلاممان لەگەڵدا بکات، بۆمنیش ڕەخنەی شانۆی کوردی نەبۆتە گرفتێك، جۆرێك ڕەخنە هەیە وەك ئەرشیفێکی لێدێت ئەوانەش پێویستن، ئەگەر سەیری شانۆی ئەورووپی بکەین بۆ نمونە پیتەر بروك یا گرۆتۆڤسکی یا ئارتۆ کەسانێك بوونە خۆیان لەسەر کارەکانی خۆیان نووسیوە، پاشان کەسانێکیتر لەسەر ئەساسی نووسینەکانی خۆیان لەسەریان نووسیوە، واتە من تائێستا شتێکم نەکەوتۆتە بەردەست کە کەسانێك پێشتر لەسەریان نووسی بێت، ئەوان خۆیان مانیفێستیان نووسیوە وەدەست پێشخەریان لە نووسین کردووە لەسەر کارەکانی خۆیان، پاشان کەسانێك قسەیان لەسەر نمایشەکانیان کردووە، بۆیە ڕەنگە ئەمڕۆ ئەوە نەبێت لە شانۆی کوردیدا، بەلام ڕۆژێك لە ڕۆژان بەو حالەتە بکەین، لەوانەیە کەسانێك خوێندنەوەیەکی ئەرشیفیان بۆ کارەکانی ئێمە کردبێت ئەوەش پێویستە، چونکە کەسانێك دوای ئێمە دێن ڕەنگە کارەکانی ئێمەیان نەدیبێت تابزانن شتەکان لەچ ڕێگایەك ڕۆیشتوون، لەچ ساڵێکدا پێشکەش کراوە، بەلام ئەشێت دوای ئەوەی خۆمان شتەکانی خۆمان بە تیۆری دەخەینە بەر دەستی خوێنەران، کەسانێکیش هەبن نووسینەکانی ئێمە جارێکیتر بخوێننەوە

**تێبینی: ئەم گفتوگۆیە ڕۆژی ٩/١ ٢٠٠٠ لە هۆڵی تەلەفزیۆنی گوڵان ئەنجامدراوە**

# ئەنترۆپۆلۆژیا و کولتور لە لابۆری شانۆی لالش

**سازدانی: نیهاد جامی**

**بەشداران: نیگار حەسیب قەرەداغی- رزگار ئەمین- دیار عەزیز شەریف**



**نیهاد جامی:** با گفتوگۆکەمان بە سرووت دەست پێبکەین بەو پێیەی سرووت بە بنەمایەکی سەرەکی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ دادەنرێت، کە بنەمایەك پتەوی ئەزمونی شانۆی ئارتۆ بوو، کەدواتر لەچەندین ئەزمونی جیاەواز درێژ بۆوە، بۆنمونە شانۆی نان و بووکە شووشەی پیتەر شۆمان نان دەبێ بە چونە نێو ئاماژە بۆ دامەزراندنی ریتوالێکی تایبەتمەند لەگەڵ وەرگردا، نیگار ئێوە لەلابۆری شانۆی لالش لەیەکیك لە ئەزمونەکانتان کە بە ئەکسیۆن ناوی دەبەن بڵاوتان کردەوەوە بەناوی (یادەوەری + هەنگوین) شتیبکی لەو بابەتەتان هەیە، ئسەووسرووتە چەندە پەیوەندیی ویژدانی لەگەڵ وەرگردا هەیە؟ دوای ئەوەش تاچەند دوالیزمەکان وێران دەکرێن، لەنێوان (نوسەر/ دەرهێنەر) و (دەق/تەئویل) ئایا گوتاغری کیتافیپیزیکیا لەو لابۆرە توانای خولقاندنی دەقێکیتری هەیە، کە ببێت بە ئەلتەرناتیڤی دەقی پێش خۆی؟

**نیگار قەرەداغی:** ئێمە نەك هەر لەنێوان ئەودوالیزمەنی نێوان دەق و دەرهێنەر هوڵ ئەدەینەکەنەیهێلین، بەڵکو ئێمە لەزۆر شتدا هەوڵی نەهێشتنی ئەو دوالیزمانەمان داوە، لەنێوان ڕەش و سپیدا، لەچەمك بینەر و پانتایی نمایشدا، ئێمە زءۆر هەوڵی ئەزمونیمانداوە کە ئەمرِء لە ڤیەننا زۆرجار ئەیبەستینەوە بە نان خواردنەوە، بتەوێ و نت وێ شتەکە لەخۆوە نابێت، ئێمە مێزی نان خواردن بۆ بینەرەکەمان ئامادە ئەکەین، ئایا لەکاتی نمایشەکەدا بێت یاخود دوای نمایش، ئێمە گەر بگەڕێچینەوە بۆچەمکی نان خواردن لەکولتوری کوردیدا بێگومان ڕەنگە لە کولتورەکانی تریشدا هەمان مەبەست هەبێت، نان خواردن لەسەر سفرەیەك بۆ ئێمە، واتە کۆبونەوەی چەند کەسانێکی جیاواز جیاواز، کەبیری جیاوازیان هەیە، ئایدیۆلۆژیا و تەمەن و ڕەگەزی جیاوازیان هەیە، کەمن لەگەڵ تۆدا لەسەر سفرەیەك نانم خوارد، واتە من دان بە بوونی تۆ ئەنێم وەکو مرۆڤ، نەك دان بە ئایدیۆلۆژیا و فیکری بۆ بکەم، بەڵکو مە وەکو مرۆڤ تۆ قەبووڵ ئەگەم لەگەڵ خۆما لەسەر سفرەیەك دانیشین، سەعاتێك بە نان خواردن بەیەکەوە بەرینە سەر، واتە کۆکردنەوەی تاکەکان، هەر لەو مەبەستەوە ئێمە دوای زۆربەی سیمینار و نمایشەکانمان خواردن بۆ ئامادەبووان ئامادە دەکەین، زۆربە زۆری خواردنەکەسش پێکهاتووە لە ساوەر، بۆچی ساوەر؟ ساوەر لەلای ئێمە زۆر دەلالەت هەیە، یەکەم وکو خواردنێکی کولتوری تاسیبەت بە کورد، کە لە کولتورەکانیتر بەو شێوەیە نایبینیت، واتە خواردنی ساوەر لای ئێمە جیایە، پاشان ساوەۆرەکە لەگەنمە، گەنم بۆ ئێمە ڕەمزی هەڵسانەوەیە.. ژیانەوەیە.. بەردەوامیە، هەر لەو چەمکەوە زۆرترین جار ساوەر بەکار دێنین،لەئەکسیۆنی (یادەوەری + هەنگوین) ساوەر لەگەڵ هەنگوین و گەنم و نان، وە کۆمەڵێ ماتریالیتر کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە خواردنەوە، واتە شتێکن کە بۆ خواردن بەکار دێن (ئاو، ئارد، شەکر)

واتە کۆکردنەوی بینەرێك، کەە هەریەکەیان لە کولتوری جیاواز جیاوازەوەیە، ئەمڕۆ ئێمە لە ئەوروپا تەنیا بینەری کوردمان نیە، ئەڵمانمان هەیە نەمساویمان هەیە فەرنس هەیە عەرەب فارس تورك ئەمریکیمان هەیە، هەریەکەیان هەڵگری کولتوری جیاوازن، ئێمە ئەم کولتورە جیاواز جیاوازانە لەسەر خوانێکی کوردی کۆ ئەکەینەوە، خوانەکەش هەر ئەوە نیە بخۆیت و بڕۆیت، نا لەکاتی خوانەکە ئەکەویتە قسەکردن، ئەکەویتە یەکترناسین و دەیالۆگ، زۆرجار ئەکەویتە شەڕێکیەوە، نەکشەڕە کورسی بەڵکو شەری دەیالۆگ، شەڕی فیکر، گۆڕینەوەی ئەفکار هونەری و فەلسەفی و سیاسی، واتە ئێمە حالەتێکمان هەڵبژارد، کە ئێمە چۆن تێکەڵ بە بینەرێك بکات کە بە ئێمە نائاشنایە، تەنانەت زۆریان نازانن کوردستان ئەکەوێتە کوێوە، بەهیچ شێوەیەك ئاگای لە کێشەی کوردەوە نیە، ئەویش ماف خۆیەتی، مەرج نییەبگەڕێ بەدوا هەموو شتەکاندا، هەروەك چۆن کوردێك ناگەڕێت بە هەموو شوێنێکدا.

**نیهاد جامی:** قسەکانت لەڕوویەکی شاراوە زۆر ڕۆشنن لەوەی دەتەوێ هەڵوەستە لەسەر پەیوەندیی ئەنترۆپۆلۆژیا شانۆ بکەیت، کەوایە با زیاتر لەو مەسەلەیە قووڵ بینەوە، شتراوس دەڵێ "گرنگ نییە ئەو خواردنەی ئێمە دەیخۆین چییە؟ بەڵکو گرنگ ئەوەیە شێوەی دانیشتنەکانمان لەگەڵ میوانەکاندا چۆنە، تاچەند لابۆری شانۆی لاڵش نرخ بۆ ئەو قسەیەی شتراوس دادەنێت؟

**نیگار قەرەداغی:** ڕەنگە ئێمە زۆر نەگەڕێچینەوەسەر شتراوس یا کام ئەنترۆپۆلۆژیست یا فەیلەسوف دەرباەر مەسەلەی خواردن قسەی کردووە، هێندەی ئەوزەی دەگەڕێینەوە خواردنێکی سفرەی کوردی چی بەمن دەڵێ، چونکە ئێمە لە کولتورۆ خۆماندا هیچ کەسێك لەسەر سفرە خواردنمانەقبووڵ ناکرێت، ئەگەر ئەو کەسەمان نەوێت و خۆشمان هنەوێت، ئەگەر هەست نەکەین ئەو کەسە خاڵیچك هەیە کۆمان ئەکاتەوەو توانای دەیالۆگمان هەیە لەگەڵی.

**نیهاد جامی:** یانی شێوەی دانیشتنەکە ئەو ماهیەتەی نابێت؟

**نیگار قەرەداغی:** بەڵێ! ئێمە کەشێکی وا ئەخوڵقێنین، کە پرۆفیسۆرێکی زانکۆی شانۆ لەگەڵ کرێکارێکی یۆگۆسلافی، ئەگەر کرا کرێکارێکی کورد لەسەر هەمان مێز دانیشت ئەفکاریش بگۆڕێتەوە، کە ڕەنگە لە ئاستی ڕۆشبیری ئەو دووانە جیاوازیەکی زۆر زۆر هەبێت، بەڵام لەوێدا نەپرۆفیسۆرەکە پرۆفیسۆرە بەتەواوەتی، نە کرێکارەکەش کرێکارە بە تەواوەتی، بەڵکودوو مرۆڤن، ئێمە هەموو جارێك جەخت ئەکەینە سەر ئەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، واتە ئەو دوو چەمکە (مرۆڤ - مرۆڤایەتی) ئێمە کارەکانمان لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیە، لەسەر ئاست ئایدیۆلۆژیا و فیکر وتوخمو هیچ ئاستێکی تردا نیە، بەڵکو لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیە، ڕەنگە پیاوێکی کورد لەژیانیدا قبووڵی نەبێت، ژنێك بەڕامبەری جانیشێت و جگەرە بکێشێت و شەراب بخواتەوە، بەڵام لە سرووتەکەی ئێمە ڕەنگە ئەو هەڵسێ پێك بۆ ئەو تێبکات، کە ڕەنگ نیە ئەو ژنە ئەوروپی بێت بۆیە قبووڵی بکات، نا ڕەنگە ئەو ژنە کوردیش بێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان ژنێکی کورد لە بەرامبەریدا جگەرە بکێشێ و شەراب بخواتەوە و قاچ بخاتە سەر قاچی، لەوێدائێمە سرووتێکی وا ئەخولقێنین، سرووتەکەش هەرجارەی شێوازێکە، من ناتوانم پێت بڵێم ئێمە بە بازنەیی دائەنیشین، یاخود ئێکم لەسەر مێز دائەنیشین، یاخود بەپێوە نان ئەخۆین، نا ئێکمە سرووتێك ئەخولقێنین کە ئامادەبوو تلقائیەن وەڵامی بۆ کردەیە هەبێت، کە ئەم ئێوارەیە ڕوو ئەدات، ئەو ئێوارەیەش نمایش بێت یاخود سیمینار بێت، لەو خاڵەدا تەواو نابێت، کە تەاو بوونی سیمینارەکە یانمایشەکە، بەڵکو لەو خاڵە تەواو دەبێت، کە دوا بینەر خوا حافیزی لە من و شەماڵ ئەکات و هۆڵەکە بەجێدێڵێ، هەمووشیان بەو نیازە ئەڕۆنە دەرەوە کە خۆشحاڵی خۆیان دەر ئەبڕن، کە ئێوارەیەکی خێزانیان بردە سەر، کە تیایدا ئەو هەست نەکات لەدەرەوەی بازنەکەیە، نا ئەو لەناو بازنەکەیە، ئەو حالەتەش بۆ تاکی ئەوروپی زۆر نوێیە، ڕەنگە بۆ ئێمە هێندێك بووبێتە ڕۆتین(کاری کۆمەکی.. نان خواردنی کۆمەکی) بەڵام بۆ ئەوروپیەك جێگەی سەرسوڕمانە، چونکە ئەو لەوحالەتەدا ئەژێت.

**رزگار ئەمین:** ئێوە لەو ئیشەتان باسی ئەوەتان کرد، چونك کۆبنەوە لەسەر نان خواردن، یانی لەو کۆبوونەویە مرۆڤ بۆچونی خۆی ئەگۆڕیەوە، لەنەوەت و یەك بۆ نەوەت و پێنج بۆ کورد سفرە هەڵوەشایەوە، یان سفرەی ماڵ نەما، کۆبوونەوە نەما، لەخێزانەوە سفرلاە نەما تا دەگاتە شەوانی یانەی هونەرمەندان، ئێستە تێئەگەین نان چەند کاریگەری هەیە لەسەر ئەو قۆناغەی ئێمە، کە شانۆ تیایدا کەوت.. بەها کەوت، فەرد تیایدا کەوت.. خێزان تیایدا کەوت، ئەو ئەزمونەی ئێوە لێرە بکرابوایە، ئەکرا یەك خوێندنەوەی زۆر جوانی بۆ بکرابایە، چۆن جارێکیتر سفرەی ماڵەکانمان ڕێك بخەینەوە، بۆ ئەوەی جارێکیتر دانیشینەوە.

**نیهاد جامی:** لەسەر ئەو قسانەی ڕزگار کردی، دەپرسین یادەوەری چەندە پەیوەندی بە تاکەوەیە دواجار پەیوەست دەبێتەوە بە جەستەی کۆی کۆمەڵگا، تا لەو ئەزمونەی نیگار ئاماژەی پێدا، ئەگەر

له ئەکسیۆنی سیناریۆکەوە سەیر بکەین، دەبینین ڕەنگەکان بەرەو جەستەی کۆ قووڵ ئەبنەوە، وەك لە ڕەنگی ڕەش دەبینین کە دەڵالەت شەهوەتی پێدراوە، ئەوەش دۆزینەوە وەزیفەیترە، کە پەیوەند بە جەستە کۆمەڵگاوە هەیە، هەست ئەکەین یادەوەر کۆمەڵگایە.

نیگار قەرەداغی: هیچ یەك لەو ماتریالیانە هەڵ ئەبژێرین لەخۆوە هەڵ نابژێرین، ئامانج ئێمە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك دەتوانین بگەڕێچین بەدوا کولتور خۆمان، چۆن دەتوانین ئەمڕۆدا لە شانۆدا و لە ئەوروپا سوود لێ وەربگرین، چونکە ڕەنگە زۆرشت لەلای خۆمان بە ئاسای بکەوێتەوە، بۆیە کارکردن لەگەڵ ئێرە جیاوازە، وەك چۆن کارکردن ئەو لەگەڵ (من) دا جیاوازە، تەنانەت ئەگەر شانۆکارێك ئەوروپی بێتە هەولێر یا سلێمانی کار بکات، بێگومان ئەو کەسانەو دەورووبەرەو ئەوانەی دێنە سەیر شانۆگەریەکە هەموویان دەبنە هۆکار بۆئەوەی جۆری نمایشەکە بگۆڕێت. گەڕان وپشکنینی ئەمڕۆی ئێمە لەنێوەندی توێژینەوەکەی شانۆی خۆمان، لەوەوە هاتووە ئێمە دەگەڕێینەوە تەنانەت بۆ شارستانیەت میزۆپۆتامیا، واتە گەلێکی زۆر کۆنترە لەو سەردەمانەوی کە باسی دەکەین، کو ر د



لەوسەردەمە چۆن ژیاوە؟ دەگەڕێینەوە سەر هونەری کۆنی میللەتانی ئێرانی، تەنانەت دەگەڕێینەوە سەیر ئەو پەیکەرانە دەکەین، منە ئەکتەرێك شانۆیم، کۆمەڵێ پەیکەری خواوەندە ژنەکانی پێش سەردەمی زەردەشتیەتیشدا، واتە چۆن من سوود لەو کولتورە وەردەگرم، ئێمە ڕەنگە زۆرجار کۆمەڵێ شت زۆربەبێ ئاگاییەوە بکەین، بەڵام ئەگەر بگەڕێیتەوە بە شتێك، چونکە ئێمە هەڵگری ئەو کولتورەین، بەڵام ڕەنگە زانستیانە بیرمان لێ نەکردبێتەوەو بەسەرماندا تێپەڕیبێت، هەر لەبەر ئەوەش ئێمە لە ئەوروپا زانستی ئەنترۆپۆلۆژیامان وەرگرتووە.

دیار عەزیز شەریف: ئایا گوتاری ئەنترۆپۆلۆژیا نابێتە وێستگەیەك بۆ لێك حاڵی بوونی کولتورە جیاوازەکان؟ هونەری شانۆ چەند ڕۆڵ دەبینێ لەپەیوەندی ئەنترۆپۆلۆژیاوە؟

نیگار قەرەداغی: ئێمە خۆشحاڵین ئەمڕۆ لە ئەوروپا ڕاستەوخۆ ئاگاداری ئەو حالەتە تازەیەین کە ئیشی لەسەر ئەکرێت، ئەمڕۆ ڕۆژی قسەکردنە لەسەر گوتاری ئەنترۆپۆلۆژیاو بەستنەوەیەتی بە شانۆوە، چۆن ئەنترۆپۆلۆژیستێك سوود بە شاهنۆ دەگەیەنێت، وە شانۆکارێك سوود بە ئەنترۆپۆلۆژیستێك دەگەیەنێت،زۆربەی زۆری ئەو کەسشانەی تیۆەری لەبارەی ئەو حالەتەوەدەنووسن پێیان وایە کە ئەو دوانە ئەتوانن سوودێکی زۆر بەیەکتری بگەیەنن، بۆ نمونە من ئەگەر وەك شانۆکارێك بمەوێ ریتوالێك (سرووت) بخوێنمەوە، بمەوێ دەلالەتەکانی ریتوالێك تێبگەم، بمەوێ مانا و مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەو ماتریالانەوەرگرم، یاخود سوود لە تەکنیکی سەما لەریتوالێکدا بکەم، یان لە ریتمی سەما نەم لە مانا دینیەکەی یان ماناکەیتر، ڕەنگە بۆ ئێمە زۆرجار گاڵتەجار بکەوێتەوە، بەڵکو چۆن سوود لەو ڕەگەزانە وەردەگرین، لەبەر ئەوە تۆ وەکو شانۆکارێك پێویستە ئاگاداری ئەنترۆپۆلۆژیا بیت و پرسیاری شیکردنەوەی ئەو مانایەی لێ بکەیت، ئەنترۆپۆلۆژێك کە دێت توێژینەوەی ڕەگەزی شانۆیی لە ریتوالێکدا دەکات، ئەوساتە پیچویستی بە من دەبیچت وەکو شانۆکارێك، واتە شتێك نیە ریتوالی سەربەخۆ بێت، شتێکیش نیە شانۆگەری سەرف بێت، بەڵکو لەو ئەویتریاندا ڕەگەزی ئەویتر

دەبینی، هەر لەبرە ئەوە زۆربەی زۆری ئەو بابەتانی لەبارەیەوە دەردەچێت پێی ئەووترێت"لەریتوالەوە بۆ شانۆ" و " لە شانۆوە بۆ ریتوال" واتە تێکەڵاوی ئەو دوو زانست و جیهانە بەیەکەوە، ئینجا سوود وەرگرتنی ئێمە لە ئەنترۆپۆلۆژیاوە هاتووە، چۆن بتوانین کولتوری خۆمان بخوێنینەوە، سوود لە ریتوالەکانی خۆمان وەرگرین لە نمایشێکی شانۆییماندا، نەك ماتریال لە ریتوالێك وەربگرین و لەشانۆ گەریەکدا تەوزیفی بکەین.. نا بەڵکو ئێمە چۆن ڕووداوێك ریتوالزیرنی دەکەین، ووشەی ریتوالزیرکردن واتە ریتوال کردنی ڕووداوێك، بۆ ئەوەش بێگومان پێویستت بە توێژینەوە و گەڕان و پشکنینە لەبوارە ئەنترۆپۆلۆژیەکانەوە، شانۆی ئەنترۆپۆلۆژیش توێژینەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە کولتورێکی تایبەتیە لە حالەتێکی شانۆییانە، واتە من ئەمڕۆ لەلابۆری شانۆی لالش لەبواری نمایشە شانۆییەکانمانەوە، توێژینەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤی کورد دەکەم، رەنگە ئەفریقیەك هەڵسوکەوتی ئەفریقیەك بکات، وەك چۆن ئەوروپیەك ئەوروپیەك بکات، خۆشبەختیەکەی ئێمە لەوەدایە کە کولتورێکی بە پیتمان هەیە، کولتورێکی سادە نییە، ماوەی پشکنینی زۆری تیایە، کولتوریچکیشە دەسکاری نەکراوە.

**دیار عەزیز شەریف:** ئایا ئەوە مانای ئەوە نییە بە زانستی قسەی لەسەر نەکراوە؟

**نیگار قەرەداغی:** من دواقسەم ئەوە بوو **کە کولتوری کوردی تائێستا نەخوێنراوەتەوە، لەلایان ئەنترۆپۆلۆژیستە جیهانیەکانەوە، واتە کولتورێکە هێشتا نەگەڕاون بەدوایدا، هێشتا لە ڕەمز و جەلالەتەکانی ئەو کولتورە نەگەیشتوون، تائێستا زۆربەی زۆری ریتوالەکان ئاشکرا نیە و ناناسرێت، وەك کولتوری ترنیە، ئەمرۆ شانۆکاران بەدجوای ئەیو ناوچانەن کە دەسکاری نەکرابێت،** چونکە زۆربەی زۆری شانۆکارەکان، بۆنمونە گرۆتۆفسکی سەفەرێکی سێ ساڵی کردووە بە (هندستان، پاکستان، ئەفغانستان، کوردستان) ئارتۆ کە سەفەری نەکردووە، بەڵام کاریگەر بووە بە خۆرهەڵات، تەنانەت مایەر هۆڵد کەسەفەری نەکردووە، پیتەر بروك زۆربەی زۆری ئەو ماتریالیانەی بەکاری دەهێنێت، لە کولتوری هندەوە وەریگرتووە، واتە ئەو تەنها تەکنیکی خۆی لە بوارێك لە بوارەکانی شانۆدا بەهۆی کۆمەڵگای خۆر هەلاتیەوە بەهێز دەکات، زۆرجاریش مافی کۆمەڵگایەکی خۆرهەلاتیش دەخوات و باسیشی ناکات، واتە ئەو (خراپی بەکارهێنان) ێکی ئەو ماتریالیانە دەکات کە لە کولتوری جیاواز جیاوازەوە وەری دەگرێت، ئێمە کەوتینە گفتوگۆیەکی گەورە لەگەڵ دەرهێنەرێکی سویسری، کە سەفەری هندستان دەکات، کە ئێمە ناسی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەبێ سەفەری کوردستان بکات، ئێمە کەوتینە ئەوەی کە بۆ دەیەوێ سەفەری کوردستان بکات، بێگومان لەوە هات کە تاکو ئیچستا هیچ شانۆکارێکی ئەوروپی باسی لەوە نەکردووە، کە میتۆد تیر و تەکنیکەکانی لەکۆمەڵگای کوردیەوە وەرگرێت، بەڵکو هەموو باسی ئەوە دەکەن کە لەهندی و یابانی و ئەمریکای لاتینیەوە وەریگرتووە، بەلام کەس تاکو ئێستا نەیوتووە کورد، ئەو یەکەم دەبێتە تاکە کەسێك کە شتێکی تازە کەشف دەکات، بۆ شانۆی ئەوروپی و بۆخۆشی دەبێتە ناوێك، بەلام ئەو دەبینێت کە ئێمە بۆخۆمان کوردین و دەست پیچشخەری ئەو حالەتەمان کردووە، ئێمە خۆمان زیاتر مافی ئەوەمان هەیە کولتورەکەی خۆمان ببەین بۆ پێشەوە، پێش ئەوەی ئەو بە خراپی بەکاری بێنێت و بیکرێت و بیسفرۆشێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کارەی ئێستا گۆڕا، هەنووکە ئەو ئێمەی لەبەر دەستە بۆ خوێندنەوی زۆرشت، کە ئەو ناتوانیچ بلّی من لەناو کۆمەڵگای کوردی تویچژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیوسۆسیۆلۆژی شانۆکارانەی بۆ دەکەم، هنا ئەو دەڵێ من لەگەڵ کەسانێکدا ئیش دەکەم کە کوردن، هەڵگری ئەوکولتورەن، کەسوود لە کولتورەکەی خۆیان دەکەن و گەڕان و پشکنین لەو بوارەدا دەکەن.

**رزگار ئەمین:** ئێوە بەردەوام شانۆی جیهانی دەبینن، پێتان وایە لە ئایندەدا شانۆیەك درووست بێت، کە هەموو گەلانی دونیا بەرەو یەك فۆرم بچن؟ هەرچەندە تایبەتمەندێتی خۆیان هەبێت؟ ئایا شانۆ بەرەو ئەو حالەتە لەداهاتوودا ناچێت؟

**نیگار قەرەداغی:** قسەکەت ڕاستە، ئێمەش تەنانەت ڕەخنە لەو وتەیەی پیتەر بروك دەگرین "گەڕان بەدوای شانۆیەکی گەردوونیدا" ئێمە بە گومانەوە سەیری زۆربەی زۆری ئەو شانۆکارانە دەکەین، کە سوودیان لە کۆمەڵگای خۆرهەلات وەرگرتووە، زۆرجار کەسانێکی زۆریان پیتەر بروك ناڵێم یاخود گرۆتۆفسکی ناڵێم یا باربا ناڵێم، بەلام کەسانێکی تریان ئەمرۆکە لە ئاستی ئەواندا دایان دەگرن، ئەمرۆ ئێمە بە مافیا ناویان دەبەین، لەگۆڤارەکەشماندا گۆڤاری لالش کە بەزمانی ئەڵمانی دەردەچێت جەختمان کردۆتە سەر ئەو مەسەلەی مافیایە، کەچۆن لەو کۆمەڵگایانە سوود وەردەگرن یاخود ئەدزن، بەبێئەوەی ئاگاداری ئەو کۆمەڵگایە بێت و ناوی ئەو کۆمەڵگایەش بەرێت، بۆیە ئێمە بە گومانەوە گوێ لەو دروشمە دەگرین، ئایا کۆمەڵگایەکی وەکو کورد کەتاکو ئێستا شوناسێکی خۆی نییە، دەوڵەتی نیە، سنوری نیە، دەشێ بخرێتە ئەو خاڵە گەردوونیەوە، دەشێ بەراوورد بکرێ بە کۆمەڵگای

ئەڵمانی یا کۆمەڵگای خۆرئاوایی، کە ئەو گەیشتۆتە هەموو ئاستەکانی ژیانی خۆی، هەموو شتەکانی خۆی پێکاوە، دەشێ منیش دوای ئەو بکەوم و داوای ئەو حاڵەتە بکەم، یاخود دەشێ ئێمە پرسیارەکە بەجۆرێکیتر بکەین، پرسیارەکەی ئێمە لەوەدایە، کە شانۆیەك بکەین، زمانێك بەکار بێنین کە گەردوونی بێت، نەك شانۆیەکی گەردوونی، بەڵکو شانۆیەك کە زمانێك بەکاربێنین کە گەردوونی بێت، تاوەکو هەموو ئەندامە کولتورە جیاوازەکان لێی تێبگەن، هەر لەبەر ئەوە ئێمە بڕوامان بەوە نیە ئەمریکیەك بێنین فێری سەمای کوردی بکەین، نا من بوار بە ئەمریکیەك دەدەم سەمای خۆی بکات، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو شانۆکارانە دێن فێری سەمای هندی دەبن، بەو کارەش دەلالەتەکانی سەمای هندی دەشێوێنن، سەمای هندی لەهەموو سەمایەکیتر دەلالەتی تایبەت بەخۆی هەیە، بێئەو دەلالەتانە سەماکە وون دەبێت، بۆیە تۆ یا ئەوەتە سوود لە تەکنیکی ئەو سەمایە وەردەگریت بۆ مەشقی ڕۆژانەی خۆت، یاخود سوود لە باگراوندی ئەو سەمایە وەردەگریت، بۆ نمایشێکی خۆت، بەڵام ناکرێ من ئەمرۆکە بچم سەمایەکی هندی بکەم لەشانۆیەکی کوریدا، لەنمایشێکدا کە تایبەتمەندی کوردی پێوە دیار بێت، کە میتۆد و عەقڵی کوردی پێوە دیار بێت، چونکە بتەوێ و نەتەوێ ئەو سەمایە دەلالەتی خۆی وون دەکات، منیش ناتوانم مانا و دەلالەتی تازەی بدەمێ، هەر لەبەر ئەوە، من ڕێگە بەهندیەك دەدەم کە گەر ڕۆژێك لە ڕۆژان نمایشێکی وام لەخەیاڵدا بوو، من نایەم یەکێك فێری سەمای هندی بکەم، بەڵکو هندیەکە دەهێنم، چونکە ئەم خۆی زیاتر ئاشنایە بەو دەلالەتانە، ئەو حالەتەش جیاوازە لەوەی من شانۆیەکی واقعی بکەم، وەك ئەکتەرێك لەسەر شەقام بێنم و دەوەری سواڵکەرێك ببینێ، ئەم دوو حالەتە زۆر جیاوازن، بۆ ئەوەی نەکەوینە حالەتێکەوە خراپ تێگەیشتن دروست بێت، بەڵام ئەگەر من باسی ئەو گەردوونیە بکەم، کە سەما زمانێکی گەردوونیە.. بێگومان سەما زمانێکی گەردوونیە، لەبەر ئەوەی کاریگەریەکەی گەردوونیە، واتە تۆ چەند چێژ لەسەمای کوردی وەردەگریت، هێندەش چێژ لە سەمایەکی ئەفریقی وەردەگریت، بەبێئەوەی لە دەلالەتەکانی تێبگەیت.

**رزگار ئەمین:** ئەوروپییەك سوود لە کەلەپوور وەردەگرێت و دەیکات بە ڕەمز، لەو ئەزمونەی ئێوەدا ئێمەش دێینە نێوهەمان پرۆسەوە، کوردیش دەتوانێ کەلەپوری بگەیەنێ و ئەو فۆرمە شانۆیەی لێ دروست بکات کەخۆی دەیەوێت، بەواتای ئەوشانۆیەی ئێستا لە ئەوروپا هەیە، ئێمە دەتوانین سبەی لێرە بیکەین، بەڵام ڕەنگە کاتی بوێت تا دەگات بە ئاستی پێشکەوتووی ئەوان، بۆیە ئەو کاتە هەست دەکەین خاڵی هاوبەش هەیە لەنێوانمان ئەویش کولتوری نەتەوەکانە، گەردوونیەکە لەوەدایە لەوە ناچێت شانۆیتر درووست بێت.

**نیگار قەرەداغی:** رزگار **با پیتەر بروك بەنمونە وەربگرین، ئەو هیچ نمایشێکی لە نمایشێکی تری ناچێت، جا ئایا ئەو نمایشە پێشڤەچوون بەخۆیەوە دەبینێت، یا لەنمایشێکی پێشوو کزترە ئەوەیان حالەتێکیترە، بەڵام هیچ نمایشسێکی لەهیتر ناکات،** واتە تایبەتمەندی هەیە کەتۆ بروك بناسیتەوە، من (مهاباهارتا) و (مارا— صاد) م بینیووە، چەند دیمەنێکیشم لە (کۆنفراسی باڵندەکان) دیووە، بەڵام ناتوانم بڵێم کۆنفراسەکەی هەموویم دیوە، چونکە لە بەرنامەیەکی تایبەت چەند دیمەنێکی نیشاندرا، بەڵام ئەگەر تۆ سەیرکەی ئەو وەکو دەق سوودی لە خۆرهەلات وەرگرتووە، گەڕاوەتەوە سەر میتۆلۆژیای خۆرهەلات، (مهابهارتا) میتۆلۆژیایەکەی هندیە، (کۆنفراسی باڵندەکان) ئێرانیە، (ئۆرگستا) ی کردووە کە لە ڤیستڤاڵی شیراز کەوەك دەق گەڕاوەتەوە سەر کولتوری ئێرانی، تەنانەت زمانی ئاڤێستای بەکار هێناوە، بەڵام ڕەخنەکە لەکوێدایە؟ ئەو ڕەخنەیەی شانۆکارە ئەوروپییەکان لە بروك دەیگرن، دەڵێن بروك لەشانۆگەری ئۆرگستا کە زۆر بەشانۆگەریەکی جیهانی بەرز باس دەکەن، بەڵام دەڵێن ئەو زمانی ئاڤێستای شێواندووە، لەبەر ئەوەی بروك نەیهێنا نەوەی دوای ئاڤێستا ووشەی ئاڤێستا بەکار بێنێت، هێندەی ئەوروپییەکی فێری ڕستەی ئاڤێستا کرد، ئەوان و منیش لەو باوەڕەدام لێرەوە شێواندنەکە دروست دەبێت، کەمن بێم ئەوروپییەك فێری دوو ڕستەی کوردی بکەم و بڵێم ئەو ڕستانە بڵێ، لەکاتێکدا هەموو زمانێك تام و چێژ و تێگەیشتنی تایبەتی خۆشی هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە لەکارکردنماندا زیاتر ڕێگا دەدەین کە کوردەکە کورد بێت و نەمساویەکە نەمساوی بێت و فەرەنسیەکە فەرەنسی، واتە من شتی خۆم بەسەر ئەودا چەسپ ناکەم، وەك چۆن ڕێگە نادەم ئەویش شتی خۆی بەسەر مندا بسەپێنێ، ئێمە بوارێکی سەربەست دەخولقێنین تیایدا هەردووکمان گوزارشت لەخۆمان بکەین، نەك یەکتری فێرکەین، بەڵام لەزۆر شتدا من فێری ریتمی دەکەم، فێری زۆربەی زۆری هەڵپەرکێی کوردی دەکەم، بەڵام پێیناڵێم ئەو لەناو شانۆگەریەکەدا هەڵپەرکێی کوردی بۆمن بکات، هەر لەوەشەوەیە قەناعەتم بەوە نیە، ڕۆژێك لەڕۆژان شانۆیەك دروست بێت کەهەمووی لەیەك بکات، چونکە تەنانەت تاکە کەسەکان لەیەك ناچن.

**رزگار ئەمین:** تۆ ئەڵێی بروك نمایشێکی لە نمایشێکی تری دەگۆڕێت، بەڵام لەهەر نمایشێکدا متمانە دەکاتە سەر کولتورێکی



دیاریکراو، بەنموونە مارا -صاد
**نیگار قەرەداغی:** مارا- صاد جیایە، هەرچی شتێکی لەدەرەوەی ئەوروپی بێت، ئەو نەگەڕاوەتەوە سەری و بەکاری نەهێناوە، بەڵام ئەوکاتەی تازە ئێمە گەیشتبووینە ئەوێ، شانۆگەریەکی تری پێشکەش کرد، من نەمبینی بەڵام زۆرم لەسەر خوێندەوە، کە دوو ئەفریقی دەوری تیا دەبینی، بۆ ئەوەی سوود لە سرووتی ئەفریقیا وەربگرێت، لەبەر ئەوەی ئەو کارەی جیاوازە لە ئۆپێراکەی، ئۆپێراکەی جیاوازە لە مهابهارتا، ئەویش جیایە لە مارا- صاد، هەموو ئیشەکانی جیاوازە لەیەکتری، بەس ئەوەی ئەو دەیەوێ سوود لە کولتورێك وەربگرێتن مەرج نیە ئەو کولتورە جیاواز بێت لە کولتورەکەی خۆی، بەڵام ئەو نمایشە تایبەتانەی گەڕانەوەیەکی سەد دەرسەد بوو بۆ خۆرهەڵات، هەر لەبەر ئەوەش، مادام ئیشی تاکە کەسێك هێندە جیاواز بێت، بۆیە لەو باوەڕەدا نیم شانۆیەك درووست بێت هەمووی وەکویەك بێت، ئەمڕۆکە ئێمە لەئەوروپا ئیش دەکەین.. کارەکانمان لەکەس ناچێت، بەڵام وەکو میتۆد وەکە باگرەوەندی فیکری و ئەو تیۆرانەی قسەی لەسەر دەکرێت، ڕەنگە لەگەڵ بیست گروپدا یەك بگرنەوە، بەڵام شێوازەکەمان جیاوازە، هەمووشمان داوای هەمان شت دەکەین، بەڵام گەڕانەکەشمان جیاوازە، بۆیە ئەنجامەکەشمان جیاوازە.
**دیار عەزیز شەریف:** باشە لەنێو مەشقی ئێوەدا، سرووت لەوە زیاترە کە شانۆ بێت، بۆنموونە تۆ وەکوە کاهینێك لەناو کەسەکان مەشق دەکەیت، ئایا ئەو هەوڵە مانای گەڕانەوە نیە بۆ نێو کولتوری ڕەسەنایەتی مرۆڤایەتی، بۆ ئەوەی زمانە هاوبەشەی کە لە دەنگەکاندا دیاریکراو نیە و کەس تێی ناگات، دەنگێکی کۆمەڵی بوو زیاتر لەوەی تاکە کەسی بێت، ئەو ژیانەی پێشتر لە مرۆڤایەتیدا هەبوو ئێستا لەدەستدراوە، یانی ئەوە جۆرێك نیە لەگەڕانەوە بەرەو رابردوو؟
**نیگار قەرەداغی:** گەڕانەوەیەکە، بەڵام ئێمە بەردەوام لە ووشەی گەڕانەوە سڵ دەکەینەوە، زۆرجار گەڕانەوە بە حالەتی خراپ لێك دەدەینەوە، لەکاتێکدا هەندێ جار گەڕانەوە بۆ سرووتەکان لەخزمەتی ئەمڕۆدایە، بەڵام گرنگ لەوەدایە گەڕانەوەکەت لەچ ئاستێکی ڕۆشنبیریدایە، من تەنانەت کە دەگەڕێمەوە سەر کۆمەڵگای ئیسڵامی بۆسەر حالەتی دەروەشە، ئایا من بە چ ئاگاییەکەوە دەگەڕێمەوە؟ لەچیدا مەبەستمە؟ من سوود لەو حەی ئەللایەی دەروێشێك وەردەگرم، بەڵام نەك بە مەفهومی حەی ئەللا، بەڵکو ئێمە لەمەشقەکانی لابۆری لاڵشدا ناومان ناوە نیشانەی پارالینگستی، واتە لەدەرەوەی زمان ئەو دەنگە ئیش دەکات، ئەگەر دیقەتتان دابێت لەدەرەوەشە یەکەمجار قورئان دەخوێنرێت و تەراویح ئەکرێت، باسی خوا و پێغومەبەر ئەکرێت، بەڵام بەنیو سەعات دوای زیکرەکە، یەك لەو ووشانە ڕوون نیە هەمووی دەنگن، ووشە نیە لەنیشانەی لینگستی دەردەچن، واتە لەپشتەوەی ئەو قسە دەکات، من دەڵێم دەگەڕێمەوە سەر ئەو کولتورە، بەڵام گەڕانەوەکەم حالەتێکی نیە بمانخاتە هەڵەی فکری و هونەریەوە.
**دیار عەزیز شەریف:** ڕەنگە ئەوەی باست کرد حالەتێك بێت، ئەوەی داماڵین هەیە لەسەر توخمەکان ئەوە ڕەش پێستە، ئەوە سپی پێستە.
**نیگار قەرەداغی:** دیارە زۆر شت هەیە کە لەسەر کولتورەکان کۆت دەکاتەوە، تەنانەت زۆر ماتریال هەیە کە لەهەموو کۆمەڵگاکاندا هەمان دەلالەتی هەیە، ئەو دەنگەی کە من باسی دەکەم لەلای دەروێشێك ئەو دەنگە هەیە، لەلای بوزیەکی هندی، لەلای سەمازانێکی هندی سوور یا ئەفریقی، ئەو حالەتی دەنگە کە لە ووشە و زمان دەردەچێت، تەنانەت لە سەماکانیاندا ، لەزۆر شت دەردەچێ، زۆر شت هەیە هاوبەشە لەهەموو کۆمەڵگاکاندا، کاتێ کە منیش باسی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکەم حالەتەکەمان شمولیە، تەنها مرۆڤی کورد نیە، بۆ ئێمە هەموو مرۆڤ وەکو یەکە، گەر لە ئاستی توخم و زمان و ڕەنگی پێست و ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکریشدا جیاوازی هەبێت، بەڵام گرنگ مرۆڤە، واتە ناکرێ مرۆڤی کورد وەك مرۆڤ فەرز بکەمە سەر مرۆڤێکی ئەفریقیدا، چونکە بۆ من کە باس لە شانۆ دەکەم حالەتێکی مرۆڤایەتیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش کار دەکەین.
**نیهاد جامی:** دیارە هەڵوەستەکردنی ئێوە لەسەر زمان بەرەو پرسیارێکی ترمان دەبات، پرسیارێك پەیوەندی هەیە بە زانستی زمانەوە، تاچەند لابۆری شانۆی لاڵش پەیوەندی بە قوتابخانە

زمانەوانیەکانەوە هەیە؟ پەیوەندیەکەش چۆنە؟ چۆن دەتوانن لەنێوان قوتابخانەکانی وەکو براگ و فۆرمالیستی رووسی تێڕوانینی هونەری خۆتان دەست نیشان بکەن؟ بۆ ئەوەی پرسیارەکە ڕۆشنتر بێت، هەوڵ دەدەم تۆزێك بوەستم، بۆ نمونە فۆرمالیستی رووسی زمان وەك بونیادێك سەیر دەکەن، کە لە ئایدیۆلۆژیای دادەماڵن، مەبەستمان لێرە ئەوەیە: ئایا لابۆری شانۆی لالش لەو چەمکەوە سەیری زمان دەکات؟ یاخود لەتێڕوانییی ترەوە، بۆنمونە قوتابخانەی باختین کە دێن زمان و ئایدیۆلۆژیا لەتەك یەك بەکار دێنن، ئەگەرچی لەو لابۆرەی بۆ ئەکتەرەکانتان لێرە کردتانەوە، زیاتر لەتەکنیکی دەنگ ئێوە لە (یاکۆپسن) ەوە نزیکن، ئێوە لە چ چەمکێکی ئەو تێڕوانینە جیاوازانەوە رەفتار لەگەڵ زمان دەکەن؟

**نیگار قەرەداغی:** ئێمە ڕەنگە سوودی زۆر لەو میتۆدە فەلسەفیانە وەربگرین، بەڵام ئێمە خۆمان نەبەستۆتەوە بە میتۆدێکی فکری کە بیکەین بە حالەتێکی پیرۆز لەلای خۆمان، وەك پێشتر ووتم ئێمە دەگەڕێینەوە سەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی، کە ڕەنگە لای من لەسەرووی هەموو شتەکانی ترەوە بێت، گرنگی ئێمە کارکردنە لەتەك دەنگدا، ئێمە پێمان وایە ووشە دەتوانێ تووشی خراپ تێگەیشتنمان بکات، بەڵام لەو بڕوایە داین کە دەنگ تووشی ئەو حالەتەمان ناکات، واتە دەنگ لەدەرەوەی ئەو سیستمە ئیش دەکات، دەنگ شتێکە سەربەسترە لە ووشە، هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە زۆر گرنگی بە ووشە نادەین لە نمایشەکانماندا، تەنانەت لەکاتی خۆشی لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری، دەق وەك دەقێکی نوسراو، ووشە وەك ووشەیەکی نووسراو، لای ئێمە گرنگ نەبوو هێندەی دەنگ، بۆیە ئێمە لەدەرەوەی زمان دەمانەوێ کار بکەین، هەوڵەکانی ئێمەش تائێستا ئەنجامی نییە و ڕەنگە بەو زوانەش ئەنجامی نەبێت، یاخود ئێمە نەمانەوێ ئەنجامی هەبێت، چونکە ئێمە دەمانەوێ لە گەڕان و پشکنیندا کار بکەین، ئێمە ئەمرۆ لەو قۆناغەدا کە کار دەکەین لەو بڕوایەداین کە دەنگ گوزارشت لە ئازار و ئەشکەنجە و خۆشی و ناخۆشیەکانی مرۆڤ دەکات، نەك ووشە بەتەنها، ڕەنگە ووشەش بەڵام نەك بەتەنها، هەر لەو بوارەش ئێمە ئیش دەکەین، کە دەنگ بەشێك نیە لە ئێمە، بەڵکو ئێمە خۆمان دەنگین، وەك جەستە بەشێك نیە لە ئێمە، بەڵکو ئێمە خۆمان جەستەی کارەکەین.

**نیهاد جامی:** کەوابێت جەستە لەپرۆسەی نمایشدا پانتایی بەرهەم دێنمێتەوە، یاخود تەنها بەشێك دەبێت لە پانتاییەکە؟

نیگار قەرەداغی: ئێمە درووشمێکمان هەیە دەڵێین"ئێمە بەشێك نین لە پانتایی، بەڵکو خۆمان پانتایین" واتە کە من بەشێك بووم لە پانتایی، ئەو کاتە دەشێ من بەشێکی بچووك بم، یاخود بەشێکی گەورەبم، بەشێکی چالاك بم یاخود بەشێکی سست بم، بەڵام من خۆم پانتاییم، واتە من خۆم هەڵگری شتەکانم، جەستەم ناکەمە نێوەندێك کە لەڕێگەیەوە شت بگەیەنم، تەنانەت لە ئەتروحەکەشمدا باسی ئەوە دەکەم، کە جەستەی نیگار نەك جەستەی نیگار و نوێنەرایەتی فیگور دەکات، نەخێر جەستەی نیگار خۆی دەیگەیەنێت، جا ئەو کاتە گرنگی لەوەدایە من لەو نمایشەدا ئەو جەستەیە چی تازە دەڵێت، جەستەی ئێمە هەڵگری یادەوەریەکی زۆر دوور و درێژە، مێژوویەکی لەسەر نووسراوەتەوە، بەهەموو بوارەکانیەوە.

**نیهاد جامی:** ئەو خاسیەتانە چین هەوڵی سڕینەوەی ئەو تان و پۆیانەی دەقی پێشوو دەدەن و دەیانەوێ دەقێکی پێرفۆرمانسی بخولقێنن؟

**نیگار قەرەداغی:** دەقی پێرفۆرمانسی لای ئێمە دەقێکە نووسراو نیە، لەچەمکی دەقی نووسراوی ئەدەبی، واتە پرۆسەی ئەو دەقە پێرفۆرمانسیە لەوێ تەواو دەبێ وە ڕەنگە تەواویش نەبێ دەخرێتە سەر تەختەی شانۆوە، بۆ بینەران پێشکەش دەکرێت، دەقی پێرفۆرمانسی دەقێکە کە بواری ئیشکردنی زۆر فراوانترە لە دەقێکی نووسراوەی ئەدەبی، لەدەقی پێرفۆرمانسی کارەکتەر نیە، فیگور نیە بەو واتایە کە لەدەقێکی ئەدەبیدا هەیە، لەو جۆرە دەقەدا کەسی نمایشکار خۆی گرنگە، نەك کەسێ کە لەپشت ئەودا هەیە، ئەو نوێنەرایەتی دەکات، واتە زەمەن واقعیە.. ئێستایە، واتە ئەو چێشتخانەیەی کە من کاری تیا دەکەم، من نایکەم بە شوێنێك کە دەلالەتی چێشتخانەی بدەمێ، نا خۆی چێشتخانەیە، گرنگیەکەی لەوەدایە کە چێشتخانەیە، بۆیە ئێمە نمایشەکە لە چێشتخانەدا دەکەین، دەنا دەچین لەسەر تەختی شانۆدا دەیکەین وە مێز و کورسی دادەنێین و دەلالەتی ئەوەی دەدەینێ کە چێشتخانەیە، لەبەر ئەوە دەقی پێرفۆرمانسی ئەو کارانەن کە لە شوێن و کاتی واقعی دەکرێن، ئامادەبوونی خۆم کارەکە دەبات بەرێوە، نەك ئامادەبوونی ئامادە بوویەك کە من نوێنەرایەتی دەکەم، هەر لەبەر ئەوەش مەشق کردنەوەشمان جیاوازە، کەتۆ چەند ئەکتەرێك ئامادە دەکەیت بۆ ئەوەی ڕۆڵێك ببینێت، بۆئەوەی کارەکتەرێك نوێنەرایەتی بکات، ئەو مەشقانەی ئێمە زیاتر بۆ ئەوەیە کە بتوانێ گوزارشت لەخۆی بکات، کە خۆی بە ئاکام بگەیەنێت، نەك فیگور بە ئاکام بگەیەنێت.

**نیهاد جامی:** جەستەی دیسیلین کراوی ژنی کوردی، لە ئەزمونەکانی لابۆری لالشدا، تاچەند هەوڵی فڕێدانی دەمامکەکانی ئەو پاتۆیانە دەدەن، کە لەسەر جەستەی ژنی کوردا هەیە؟

**نیگار قەرەداغی:** بێگومان ئەو ڕەگەزانەی کە بەکاری دەهێنم، چونکە ئەگەر باسی جەستەی ژنی کورد بکەم لەڵابۆری ڵالشدا، من وەکو ئافرەتێك تەنها جەستەیەکم ئەمرۆ لەو ڵابۆرەدا ئیش دەکەم، بەڵام ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسانێکی زۆرتر هەبن لەو ڵابۆرەدا ئیش بکەن، نەك لەڵابۆری شانۆی ڵالشدا، چونکە ڕەنگە بێینەوە سەر ئەو قسەیەی پێشتر باسمان کرد، ڵابۆری شانۆی ڵالش خەڵاسی نیە بۆ ئەو قەیرانەی ئەمرۆی شانۆی کوردی تێی کەوتووە، ڕەنگە خەڵاسی بێت بۆ من و شەماڵ عومەر و خەڵکانێك کە ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ ئێمە دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی کە ئێمە دەینووسین، کاری لەتەکدا دەکەین، مەرج نیە ببێت بە یاسایەك کە شانۆی کوردی لەسەری بڕوات، یاخود بەو شێوازە ئیش بکات، گرنگی بۆ ئێمە لە جیاوازیدایە، وەکو ووتم من ئێستا تاکە ئافرەتێکم لە ڵابۆری شانۆی ڵالش، من زۆر هەوڵی جدی خۆمداوە، کە هەوڵ بدەم ئەگەر بێت و وەکو تەنیا کەسێکیش خۆم لەو کۆتانە ڕزگار بکەم، خۆم بە ئاکام بگەیەنم، واتە وەك ووتم چۆن جەستەی من هەڵگری کۆمەڵێك ئازار و داپلۆسانە، جەستەیەکە کە کولتورێکی پێبەخشراوە، واتە **ڕەنگە تاوەکو چەند ساڵێکیش لەمەوبەر من خۆم جەستە نەبوویێتم، بەڵکو من جەستەم هەبوویێت، یانی جیاوازی بکەین لەنێوان ووشەی جەستە هەبوون وجەستبوون، ئێمە زۆربەی زۆری مرۆڤ جەستەی هەیە، کە تۆ شتێکت هەبوو، دەشێ ڕۆژێك لەڕۆژان ئەو شتەت لێ بسەنرێتەوە، یاخود ڕێسایەك هەبێت دیسپلینی بکات،** واتە ئێمە خاوەنی شتەکەین، ئێمە ئەو شتەنین، بەڵام جەستەبوون.. من جەستەم، ئەوەش کارکردن بەپێی ئەو میتۆدە جیاواز دەبێت، کە من جەستەم هەبێت، کە من جەستەم هەبێت لەخۆشمی قبووڵ دەکەم ئەو جەستەیەم بکرێتە قوربانی، ئەوە جەستەیە پارچە پارچە بکرێت، ئەگەر بێینە سەر قوربانی جەستە، بۆ نمونە گیاندارێك دەکەیتە قوربانی، گۆشتەکەی پارچە پارچە دەکەیت، دابەشی دەکەیت بەسەر گەڕەك و خزم و کەس، لەپێناوی چیدایە؟ لەپێناوی ئەوەی کێشمەیەك هەیە لە خێزانێك یا لە کۆمەڵگاکەتدا، تۆ دەتەوێ بەهۆی پارچە پارچە کردنی ئەو جەستەیەوە، جەستە پارچە پارچەکەی ئەو کۆمەڵگایە جارێکیتر لێك بدەیتەوە، بەڵام ئەوە ئامانجی من نییە، **من نامەوێ جەستەی من لەسەر شانۆ پارچە پارچە بکرێت، تاوەکو جەستەی کۆمەڵگاکەم یەك بگرێتەوە، من لەو باوەڕەوە ئیش ناکەم، چونکە کە جەستەی من پارچە پارچە کرا، ئایا دەشێ ڕۆژێکم لە ڕۆژان پرسیار لەوە بکرێتەوە کە جەستەی نیگار چۆن یەك بگرێتەوە؟ واتە شتێکیتر دەکرێتە قوربانی تا جەستەی من یەك بگرێتەوە؟** بۆیە لەو باوەڕەدا نیم، چونکە من جەستەم نییە، من جەستەم، بەڵام ئەگەر جەستەم هەبێت، وەك ئەکتەرێك کە بەشێوازیتر کاردەکات، کە زۆربەی زۆری ئەکتەرەکان جەستەیان دەخنە بەردەستی دەرهێنەر خۆی پارچە پارچە بکات، لەبواری پارچە پارچە کردندا جەستەی بینەران کە لەگەڵیدا کۆمەڵگا درووست دەکات یەك بگرێتەوە.

**دیار عەزیز شەریف:** لەسەر قسەکانی تۆ پرسیارێکم لا درووست بووە، تاچەند ڵابۆری شانۆی ڵالش



لەهەوڵەكانیدا توانیویەتی لەڕێگەی نمایشەكانیەوە ئەو گوتارە كۆمەڵایەتیە دووچاری گومان و بەدبوون بكات، ئەوگوتارەی كەخۆی ئامرازێكە بۆ داپڵۆسینی جەستە؟ دەكرێ لێرەدا ئاماژە بە كولتوری كوردی بدەین، ئەو كولتورەی كە جەستەی تەنیا لەمەسەلە زایەندیەكان بینیووە؟

**نیگار قەرەداغی:** ئێمە لەسەرەتاوە، لەكاتی كاركردنیشمان لە سلێمانی قەت بانگەوازی ئەوەمان نەكردووە ئێمە پێغەمبەری ئەو فكرەین ، نەخێر ئێمە تاقە كەسانێك بووین لەو بوارەدا هەوڵمان داوە، ئێمە ناتوانین بڵێین بەهۆی كاركردنمان لەڵابۆری ڵالش ڕەتكردنەوەی ئەو كۆنترۆڵە كۆمەڵایەتیەی لەكۆمەڵگای كوردیدا هەیە، ڕەتكردنەوەی ئەو داب ونەریتە ئاینیەی ڕاستەوخۆ كاریگەری هەیە بۆسەر جەستەی ژنی كورد، كاریگەری ئەو بارودۆخە سیاسیە، تەنانەت سیاسەت ئێمە پارچە پارچە دەكات و دامان دەپلۆسێت، زەحمەتە ئێمە ببین بە ئەلتەرناتیڤ و ئەوانە هەمووی ڕەت بكاتەوە و حالەتێكی ئیجابی بخوڵقێنێت، بەڵام ئێمە لەو بڕوایەدا كار دەكەین كە داب و نەریتی ئاینیش تەنانەت بۆ سەر یاسای سیاسی و حزبەكانیش، ئێمە لەو بڕوایەوە كار دەكەین كە تاكە كەسین، بەڵام دەشێ كە كاریگەری گەورەترمان هەبێت، من لەو بوارەدا كاری زۆرم لەتەك جەستەی خۆمدا كردووە، وەكو ووتم جەستەی خۆم نەكردووە بە ماتریالێكی سووك و ئاسان لەبەردەم دەرهێنەرێكدا، نەخێر لەبەر ئەوە خۆم جەستەم، دەزانم چۆن مامەڵە لەگەڵ جەستەمدا دەكەم، چۆن ڕێگا بۆ جەستەم خۆش دەكەم، كە داوای سەربەستی بكات و خۆی سەربەست بێت.

**نیهاد جامی:** كەسانێك لەنزیكەوە ئاگاداری ئەزموونەكانی ڵابۆریشانۆی ڵالشن، لەوانە (ستانسلاف كرۆنۆفسك) و (یانۆفسكی) ئەوان لەسەر ئەزموونەكانی ئێوە چیان هەبووە؟

نیگار قەرەداغی: ئەوان یەكەم جار زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی دوو كوردیان ناسی، لەبەر ئەوەی حەزیان دەكرد كوردێك بناسن، لەبەر ئەوی گرۆتۆفسكی بەدوای سەفەری بۆ كوردستان هەموو تیۆر و جیهانبینی بەرامبەر بە شانۆ گۆڕا، بۆ ئەوەی بزانن نهێنی كولتوری كوردی لەچیدایە وای لە گرۆتۆفسكی كرد كە هەموو كارەكانی بگۆڕێت، ئەوان كەم تا نزیك ئاگاداری ڵابۆرەكەمانن.

نیهاد جامی: تۆ شانۆكاری كەناریت، بەو پێیەی لەناو سەنتەردا كار دەكەیت و ڕەخنە لەسەنتەر دەگریت، یانی بەجیاواز لەو ڕەخنەیەی دیریدا بۆ سێنتەر كەخۆی لەناویدایە و ڕەخنەی ئاراستە دەكات، بۆیە هەر ئەو پرسیارەی دریدا لە شانۆی ئارتۆی دەكات، ئاراستەی ڵابۆری شانۆی ڵالش دەكەین: ئاخاوتن و نووسین تا چ شێوەیەك لەڵابۆری ڵالش توانای مومارەسەكردنی نمایشی شانۆییان هەیە؟

**نیگار قەرەداغی:** ڕەنگە جارێ ڕەخنەكەم لێرەدا بێت، ئێمە لەكەناردا نین خراوینەتە كەنار.

**نیهاد جامی:** ئێمە وەك نەتەوە كەوتوینەتە (كەنار) ەوە.

**نیگار قەرەداغی:** بەڵام پرسیارەكەی من لەوەدایە ئەوسێنتەر و كەنارە كێ دەست نیشانی كردووە، ئەو كەسانە كێن من دەخەنە كەنارەوە وەك نەتەوەش، واتە سیستمێكی سیاسی وای لەوە كردووە كورد بچێتە كەنارەوە، بەڵام زۆربەی جار كە كورد تووشی گیروگرفتێك دێت، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە كۆمەڵگای خۆرئاوایی، ئێمە دەیبەستینەوە بە سێنتەر، چونكە ئێمە ئەو دوالیزمی سەنتەر و كەنارە ڕەت دەكەینەوە، من ڕەنگە قسەیەكی (پیتەر تۆرنە) باس بكەم دەڵێ "هیچ كۆمەڵگایەك لەبواری كولتور و ئاینیشدا لەكەناردا نیە، ڕەنگە كۆمەڵێك نەتەوە هەبێت كە تەكنەلۆژیای لەنەتەوەیەكی تر كەمتر بێت" هەر ئەوەشە كورد تەكنەلۆژیای كەمترە لە وڵاتانێك كە خۆیان بە سێنتەر دەزانن، دوای ئەوە ئەو سێنتەرە كێیە؟ ئەمرۆكە ئەڵمانیا خۆی بە سێنتەر دەزانێ لەچاو یۆگۆسلافیا، بەڵام تۆ ئەگەر باس لە سێنتەر بكەیت ڕەنگە یۆگۆسلافیاش شتێك بێت و من ببمەوە بە كەنار، ئەمڕۆ ڕەخنەی ئەنترۆپۆلۆژیستەكان لە خۆرهەڵات ئەوەیە كە ئەمرۆ باسی سێنتەر و كەنار لە چین و یابان بكەی واتە چەمكێكە لای ئەو نیە، ئەوە حالەتێكە لەچەمكی سەنتەر و كەنار، كە تەنها كارێكی سەرمایەداریە، ڕەنگە بەبێ ئەوە ئەوان ناوی بەرن پەیوەست بێت بە تەكنەلۆژیاكەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لەو چەمكەوە كار ناكەین، ئێمە لەو بڕوایەوە كار ناكەین، كە نەتوانین ڕەخنە لە شانۆی ئەورووپی بگرین.

**نیهاد جامی:** ئێمە لێرەدا كۆتایی بە گفتوگۆكەمان دێنین سوپاس بۆ ئامادەبوونی هەموتان.

**تێبینی: ئەم مێزگردە گفتوگۆیەكی چەند سەعاتی ئێوارەیەكی دووەمین رۆژی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٠ بوو لە هۆڵی كۆشكی نازە لە هەولێر**

# بۆ ئەوەی ڕەگەكان لە یاد نەكەین
# دەنگێكی هەڵقوڵاو ((لابۆری شانۆی لالش))

**د.عواطف نعيم**

بەشێوەیەكی ئاسایی ئەزموونگەری تەنها لە پێناو گۆڕانكاریە و مەلەكردنە لە قولاییە شێوەكانداو پرسیار گەلێكە كە خەیالاتەكان ئەبەزینێ و هەستەكان ئەوروژێنێ، ئەوكات وێنەكان بە لێشاو ڕەوان و شاعیری و پەنگ خواردوو شلەژاوو بینراو سەدا بەخش دەبن، ئەوە ئەزموونگەریە، گەڕان و كۆشش و شكاندنی دووبارە بووەكانە، ئەزموونگەری لەشانۆدا سرووت دەكات بەكەرەستەیەك بۆگەڕان، نمایشگەلێك دەبینین كە سرووتە كراوەكان و شوێنە شوێنەوارییەكان خانووە كۆنەكان ئامێزێك بوون بۆیان، دەكرێت نواندنی شانۆیی لە شێوەی جەستە و دەربڕینەكانیدا بە شێوەی سەما و زیندوێتی و ئاماژە بەخشیدا بێت، بەدەگمەن نمایشە شانۆییەكان پشت دەبەستێت بە ئەزموونگەری لۆژیك و زنجیرە بە ستوویەكی چیرۆكی، دەقەكان ناچنە ژێر ڕكێفی وەلانان و لێك هەڵوەشان و پەرتكردن، ئەزموونەكان لە سەر ڕەگەزە جیاوازەكان هەر لە سینۆگرافیا و نواندن و ڕووداو و تەكنیكە ژێیەكان دەبێت، یاخود ئەزموونكاری كۆششكار بە ئەكتەرێكی چەكدار بە لێهاتوویی نواندن لەنێو سرووتێكی نمایش ئامێزدا كۆتایی دێت، بەلام یەك لە نیشانە سەرەكیەكانی ئەم لایەنە ئەكتەرو كۆمەڵەو لابۆری لالشی شانۆییە، كە هەردوو دوانەی عێراقی شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب بەڕێوەی دەبن كە لە سەدادا كەرەستەیەكیان بۆ ئەزموونگەری وەدیهێنا ، كاتێك ئەو نمایشەی كە تایبەتمەندیەكی ژینگەیی و تێكەڵ بوونێكی نێوان ڕۆشنبیریەكانی پێوە دیاربوو پێشكەش كرد، ئاستی نزیكی و ئاوازەكان لەڕێگەی چوار دەنگەوە سیانیان مێینە و ئەویتر نێرینە ، سەرەتای نمایشەكە بە دەنگی جریوەی عێراقیەكان دەستی پێكرد و هەرسێ ئافرەتی شانۆكار عەبای عێراقیان بەسەر شاندا دابوو و لە نێو ماڵە داریەكاندا لە شەقەی باڵیان دابوو و وەك كۆترێكی غەمباری ترساو، كە بەرگی خەمەكانی پۆشیبێ و چرپەی هاواری نامۆیی و دابڕانی بەر گوێ كەوتبێت. لە زەنگی ئاهەنگەكانی بەدر لە ترس بۆ زەنگی ئاهەنگەكانی ناسۆری بریندار بە زیان و لەدەست چوونەكان، لەلەدایك بوونەوە بۆ عەشق، لەمنداڵیەوە بۆ پێگەیشتن و لە دەوڵەمەندی و شادیەكانەوە بۆ هەڵوەڕین و لەدەستدانەكان، چی بوو ئەوەی ئەنكیدۆی بەگەلگامێشەوە كۆكردەوە تەنها خۆشەویستی و گەڕان بووبەدوای نەمری خود لە ڕێگەی نیشتمانیدا؟ چی بووكە نەمسا و سەنگافورەو عێراقی كۆكردەوە تەنها دووبارە بوونەوەی ناسۆری و كارەسات و پیرۆزی شادیە دزراوەكان نەبێت؟ سرووتێكی عێراقی كە لە سەدایەكی ئاماژە ئامێزدا كەرەستەیەكی بۆ دەربڕینی بینراو وەدی هێنا، دەنگ لێرەدا ئەو ئاماژە نیە كە بگۆ بگۆڕێت بۆ بیسەر و هەست و نەستەكان وەربگێڕێ، ئەو دەنگەیە كە لەڕێگەی بلاوە كردن و ووتن و ئیقاعەكانیەوە دەمانباتە نێو ڕەوشە هەستیارو جولاوەكان، سرووتێكی خاوەن تایبەتمەندیەكی ژینگەیی و تێكەڵەیەكی كارای سەرنج ڕاكێشی نێوان ڕۆشنبیریە جیاوازەكان، تەنها ڕەوشە هەستیە دەربڕاوەكان لەجەستە و دەنگدا خۆیان دەدۆزیەوە، لێك نزیك بوون وەك ڕەوشێكی مرۆیی لە ساتە گەلێكی دیاریكراو لە تەمەنی بوونەوەرە بارگاویەكان بە ناهاوسەنگی ((مرۆڤ )).

**نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر توانیان نمایشێكمان پێشكەش بكەن كە تیایدا جەختیان دەكردەوە لە سەر تواناكانی جەستە و**



**دەنگ و توانای دەربڕینیان لەڕێگەی ژەنینی جۆراو جۆرەو لە سەر ژێیەکانی هەستە شاد و دڵتەنگ و سامناك و هەڵگەڕاوەکان،** هەردوو ئەو دووئەکتەرانەی تر کەرۆڵیان بینی هیچیان لەوانی تر کەمتر نەبوو، بەڵکوخاوەن لێهاتوویی و لێوەشاوەییەکی بەتوانا بوون. هەموو ئەو گەڕان و ڕاهێنانەی لەم بوارانەدا نواندیان بەدەریان خست و هەستە مرۆییەکانیش لە ڕەوشە هەستیارەکاندا بەگۆرانی گوزارشتیان لێدەکرا، گۆرانی لێرەدا لە پێناو هەڵگوتن و و گۆرانی نەبوو بەڵکو ئاکتیڤ کردنی دیمەنە درامیەکان بوو لەڕێگەی وێنە جوڵاو و بگۆ دەوڵەمەندەکان بە هەستە هەڵقوڵاوە ویژدانیەکان کەدەکاتە ئاست سۆفیەت و دەرکەوتنی لە ساتە تەوژمیە سۆزدارییەکاندا و یەکگرتنی دراماتیکیان، سرووتی شیوەن و لاوانەوە و سرووتی لەدایك بوون و عەشق و دایکایەتی و سرووتی مردن و دابڕان و ترس ئاسمانی نمایشەکەی داپۆشی بوو ئەمانبات بەرەو دۆزینەوەی ڕەگەکانی دایك، کە پێك گەیاندنی نێوان هۆشیاری ساتەوەختیمان و نێو سەرنجی نمایشە گەرماوگەرمەداو نێوان زەینی کۆمەڵیمان تێکەڵ بوونێکی وێنە شیعری و وێنە بگۆکاندا لە نێو ویژدانماندا ئالودە دەبوون.

ئەوە منداڵی و لاوێتی بوو، خەونەکانی تازەپێگەیشتوویەك بوو، زەمانێك بوو لە نیشتمانێکدا کە تائێستا بەدەست تێك شکان و ئازار و زیان لێکەوتنەوە دەناڵێت! سرووتە مرۆییەکان یەکگرتوویەکیان دروست کرد لەنێوان ڕۆشنبیریە جیاوازەکان کە لەنمایشێکی تایبەتمەند بە کۆشش و تاکگەرایی بۆکۆمەڵێکی ر کارا کە هاتبوون بۆ بەشداری لە ڤیستیڤاڵێکی ئەزموونگەری باڵا وەك ڤیستیڤاڵی قاهیرەی نێو دەوڵەتی بۆ شانۆی ئەزموونگەری لە خولی شانزدەهەمیدا بۆ ئەوەی ئەو داهێنانە نوێیەی بە ئەزموونگەرە جیهانیەکان بناسێنێت.

و لە دایك بوونی خۆی ڕابگەیەنێت وە هیچ چەکێکی بەدەستەوە نیە تەنها خۆشەویستی و تەسەوف و بڕوابوونی بەنامەی شانۆیی نەبێت کە نامەیەکی ئاکاری جوانناسیە کە هەوڵدەدات بۆکەمکردنەوەی گرژییەکانی ژیان و ناسۆرییەکانی لە ژێر سێبەری سەروەری هزر کە هەوڵدەدات مرۆڤی مرۆیی بسڕێتەوە لە بەردەم خودای هەزارەی سێیەمدا لە سەرداره چەکدارەکان بە قامچی جیهانگیری لە لایەنە تارەکەیدا.

**وەرگێڕانی: زەردەشت عەلی.**





# دەقی پێر فۆرمانسی و تێکشکاندنی دوالیزم

**نیهاد جامی**

•چۆن نمایشی شانۆیی بە دەقێکی سەربەخۆ ناو دەبەین؟ ئایا بەبێ دەقی نمایش ئەو بونیادە پێکهاتوانە دەتوانن لە ڕووبەری نوسین جەستەی شانۆ پێکبێنن؟ نوسراو دەقێکی زمانەوانیە کە کەلێنێك دروست دەکات، ئەویش بونیادی تەواوکەریەتی کە نمایشە، بە واتای نمایش دەبێ بە دەقێکی تر بۆ جەستەی شانۆ، بەڵام ئەو بونیادەیە کە توانای ئەوەی هەیە سەرجەم بونیادەکانی تر لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە، بۆیە نمایش مانایەکی مەجازی بە چەمکی دەق دەبەخشێت، چونکە دەق لەو ڕووبەرە تەسکە دەرباز دەکرێت و بەرەو ئەو دیوی ماناکان دەبردرێت، ئەویش ژیان کردنەوە بەرێکی تازەیە بۆ دەق، پەیوەندی فۆنیمە لەناو زماندا، کە دواجار هەر فۆنیمە توانای خوڵقاندنەوەی هەیە، کە لەدەقی نوسراو دامان دەبڕێت و خەونی تازەمان لەلا دەخولقێنێ، توانا دەنگیەکانی نێو نوسین هەوڵی تەقاندنەوەی ووزە خەفە کراوەکانی نێو جەستە دەدات، جەستە هەوڵی گوزارشت کردنی ئەو دیوی وێنەی نوسراو دەدات، تاوەکو هارمۆنیەتێك لەتەك ووشەدا بدۆزێتەوە، چونکە لە دەرەوەی جەستە ووشە توانای نیە ببێ بە سێنتەری ئاماژەکانی نمایش، ئەو تەنها هەڵگری میکانیزمی ئاماژەیە، ئەوەی ئەو میکانیزمانە بەرەو سێنتەر دەگۆرێت.. ڕووە ناوەکیەکانی جەستەیە، کە دەیەوێ سەر لەنوێ ڕووبەری نوسراو بەپێی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەق ڕێکی بخاتەوە، بەڵام ڕێکخستنەوە بەپێی ئەو سیستمە گریمانکراوە لەگەڵ دەق ڕەفتار ناکات، بەڵکو ڕووپۆشی پەیوەندیەکان دەکات لە ڕێگەی نمایشەوە، ئەوەش کرنۆلۆژیای مانا تێك دەشکێنێت،



نەك هەر ئەو زەمەنە، بەڵکو ئەو کەلێنەی لە نێوان دەق و نمایش هەیە، دەیەوێ چارەسەری بکات، ئەو چارەسەریە بۆ نووسین دۆزینەوەی مانایە، گۆڕانە لە پەیوەندیە ستراتیژیەکانی دەق، کە ڕەهەندە دەلالیەکانی خوێندنەوەی تیا ئەنجام دەدرێت، خوێندنەوە لەناو ڕووبەری داهێنەرانی نێو دەق ناوەستێ، بەڵکو نوسەرێکی داهێنەر لەنێو گۆڕانە ژیاریەکان دەخوێنێتەوە، بەواتای نایەوێ لەو زەمەنە هەنوکەییە دابڕێت، بەڵکو مێژوو زمانێکی تری پێدەدرێت ئەوەش لەناو یادەوەری دەق نامان خولێنێتەوە، بەقەد ئەوەی بە هەڵوەشاندنەوەی دەیەوێ پارێزگاری لە هاوچەرخێتی نوسەر بکات، ئەوەش پێویستی بە هۆشیاریەکی شانۆیی هەیە، تاوەکو تارماییەکانی لە نوسراوەوە نەخەنە سەر شانۆ، بەڵکو بیانگۆڕینە سەر جەستەی مرۆڤی سەردەم، ئەوەش پەیوەندیەکی گەردوونیە، کە دەرهێنەر ئەو جیهانە لەسەر دەق درووست دەکات، ئەو گەردوونە نوێیە ڕێك دەخاتەوە، دەسەڵات لە ووتراوەکانی زمان کەم دەکاتەوە و کۆتایی بەو دیکتاتۆریەتەی دەسەڵات دێنێت چیدی ڕێگەی ئاخاوتن نادات ببێت بەتاکە دەسەڵات، بەڵکو بینراو بەرەو ڕەهەندێکی فەلسەفی هەنگاومان پێ دەهاوێژێ، ئەوەش سنور بەزاندنی دەقەکانە، ڕزگاربوونە لەفەزای نووسین، خۆدۆزینەوەیە لەناو فەزایەکی تازەدا، کە شانۆ بەرەو چەمکە قووڵەکانی فەلسەفە ڕێگای پێ دەبرێت، ئەو کاتەی دەمانەوێ بەرەو ڕابردوو بگەڕێینەوە، ئەوە توانا دەنگیەکان باڵادەستی خۆیان نیشان دەدەن، بۆئەوەی پەیوەندی جەستە بە ڕابردوو بکاتەوە بە ریتوالی یادەوەری کە ڕابردوو لەڕێگەی جەستەی تاکەوە کاتێ قووڵ دەبێتەوە دەنگ دەبێت بە ڕێنیشاندەر بۆ دۆزینەوەو ئاسەواری ماتریالەکان، ئەوەش لە ئەندێشەی خودیەوە تێکەڵ بە جەستەی کۆمەڵگامان دەکاتەوە، ماتریالەکان دەبنە ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان خود و کۆمەڵگا، ڕەنگ پەیوەندی بە یادەوەری درووست دەکات کە خوڵقاندنەوەی مێژووە، پەیوەندیە زمانیەکانی وەکو بۆن و تام و دەست لێدان دەچنە نێو سیستمی زمانەوانی کە ئاماژەی زمانەوانی پێك دێنن، لێرەوە هەنگوین تێکەڵی یادەوەری دەبێت و پرسیارەکانی نێو (یادەوەری+هەنگوین)١ لە ڕیتوالی ئامادەبوونی وەرگر دەست پێدەکات، لەڕێگەی دەست تەڕکردن و شۆرین و ووشك کردنەوە: (شیر+ ئاو+ هەنگوین) بۆ ئەوەی لەجیهانێك دابڕێت و ئاوێتەی ڕیتوالی کارەکەی بکات.

دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێت کاتێ دەمانەوێ لەتیۆری ئەزمونێك بدوێین دەبێ ستراتیژی ئەزموون لامان نارۆشن

نەبێت، چونکە ناتوانین چەمکی تیۆر ڕاڤە بکەین ئەگەر توانای ئەوەمان نەبوو پەی بەو نهێنیە بەرین کە ئەزمونەکە لەودیو تیۆرەوە حەشاری داوە، بۆیە ئەزمونی (یادەوەری+ هەنگوین) ستراتیژی ئەو ئەزمونە میتۆدێك نیە بۆ فۆڕمی میتۆد، بەڵکو فۆڕمی نمایشێکە کە دەکرێ بەخێرایی بەسەرماندا تێنەپەڕێت، **ئەگەرچی ئەو ئەزمونە بۆ ئێمە پرۆژەیەکە لەودیو پرۆسەی بینین، بەڵکو لەدووتوێی نووسراوی کاغەز مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، بەڵام ئەمجارەیان شانۆکاری کورد لە لابۆرێك دەگات بە کۆمەڵێك دەرەنجام، کە وایان لێدەکات سوورترین لەسەر گەڕان بەدوای ئەو نهێنیە ئەفسونیەی کە خۆی نادات بەدەستەوە،** ئەو ئەزمونە بەرەنجامی تێڕامان و خەون بینینی ساتەوەختێك نیە، بەڵکو پرۆژەی کارکردنی چەندین ساڵە کە بە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کوردی لە هەشتاکان دەستی پێکرد، ئەو تیپەی دەیویست فۆڕم بگۆڕێت و چەمکێکی فەلسەفی بەوێنەی شانۆیی ببەخشێت، ئەوەش خولقاندنی چێژێکی ئیستاتیکی وێنە بوو، کە بەدوای کۆمەڵێك ئەزمون لابۆری لالش پێی هاتۆتە بوون، تیایدا پەیوەندی نمایش بە وەرگر لەڕێگەی پرۆتۆکۆلێکی تازەوە دروست دەکرێتەوە، ئەو پەیوەندیەی پێشتر هیچ بەهایەکی نەبووە بۆ وەرگر، بەواتای چەمکی نامۆبوون بەرەو ئاقارێکیتر دەبردرێت، زیاتر لەشێوەی پەیوەندی پیتەر شۆمان نزیك دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر لای شۆمان شانۆ بۆ ڕزگارکردن بێت لەبرسیەتی، ئەوا لە لابۆری شانۆی لالش کۆکردنەوەی تاکەکان بەدەوری سفرەیەکدا ئەو سفرەیەی خواردنێکی کولتوری کوردی تیا ئامادە دەکرێت، وەك لەو ئەزمونەدا ساوەر دەبینین، ئەگەر شتراوس شێوەی دانیشتنی سەر سفرەی خواردنی بەلاوە گرنگ بێت، ئەوا لەلابۆری لالش ئەو شێوە دانیشتنە گرنگ نیە بەقەد ئەوەی ماهیەت بەجۆری خواردنەکە دەدرێت. ئەرکیۆلۆژیای وێنەی شانۆیی هەڵکۆڵینی بونیادی ووشەیە بۆ بونیادی جولاو، ئەوەش ئینسلاتسیۆنی مێزەکانە، کەوەك پەیوەندی ماتریالەکان پانتایی مۆتیڤەکان پێك دێنن، جەستە تیایدا ماتریالەکان دەکات بە ئەیقونەیەك بۆ پاکژبوونەوەی وەرگر، جەستەی وەرگریش دەبێتە بەشێك لەناو مۆتیڤەکاندا، کە پاکژبوونەوە لەو ریتوالەدا "مانای هەڵسانەوەی جەستەییان وەردەگرێ، جێهێشتنی شوێنەوارە لە یادەوەریدا"٢ لەهەمان کاتدا بۆخۆی جەستەی گوتاری نێوان یادەوەری و هەنگوینە، یادەوەری دەبێت بە بونیادێکیتر بۆ گوتار، کە پێکهاتەی مۆتیڤی ئاهەنگسازیە، لەڕێگەی ماتریالەکانی مێزی یەکەم، ئەوەش خولقاندنی پەیوەندیە بە مێزەکانی ترەوە، کە وەزیفەی ماتریالەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیە ئەگەر نان لە مێزی یەکەمدا ماتریالێك بێت بەدوای شیر و هەنگوین مۆتیڤی ئاهەنگسازی بخولقێنی، ئەوا لە ئینسلاتسیۆنی مێزی سێیەم بەدوای گەنم و ئارد دەبن بە سۆبستاتری ژیان، بەڵام تا ماتریالەکان بەرەو بونیادی زەمەنی قووڵ نەبنەوە، لەناو چەمکی هەستەکان بۆن و تام دەرناچن، ئەوکاتەی قووڵ دەبینەوە دەست لێدان دەبێتە چەمکێك بۆ قووڵبونەوەی گوتار، کە ئەوەش لەناو ئامادەبوونی ئاهەنگ و ئیرادە بۆ ژیان دەست پێدەکات، بە واتای لە مێزی پێنجەمەوە وێنەی شانۆیی بە دوای پەیوەندی ژینالۆژیە، چونکە ڕەنگ دەبێتە ئاماژەیەك کە مانا بەرهەم دێنێتەوە، ئەو ڕەنگانە لە ڕووکەشی جوانکاریەوە بۆ سۆبستاتری ژیان دەیانگوازێتەوە، بەواتای لە زمانێك نزیکیان دەکاتەوە، کە گەرانەوەیە بەرەو ڕابردوویەك بۆ زمانی ئەنترۆپۆلۆژی ئەوەش چەمکی سەرەکی ئەو ئەزموونەیە کە دەیەوێت بەرەو مێژوی زمان و پەیوەندی بە مرۆڤ بمانگەڕێنێتەوە،(٣) بۆیە دەست لێدان بە دوای بۆن و تام کەشف کردنێکی جەستەیە بۆ ماتریالەکان، چونکە لە سۆبستاتری ژیانەوە بۆ ئاماژەکانی غەریزە کە ڕەنگی ڕەش دەبێت بە ئاماژەکەی، کە بەر لەو سوور یادەوەری دەگەڕێنێتەوە، یادەوەریش لە خودەوە بەرەو کۆنەستی گشتی دەگەڕێتەوە، لەوەدا پەیوەندی خود بە ڕەنگەوە پەیوەندییەك پەیوەست دەبێتەوە بە یادەوەری کۆمەڵگا، بەوەش ئەو لابۆرە هێڵێك دروست دەکات کە لە هەوڵی کەسانی تر جیا دەبێتەوە، دەیەوێت لە خوێندنەوەی نوێ ڕابردوو بخوێنێتەوە، مەبەست هێنانەوەی یادەوەرییە لە ئێستادا بە تێڕوانینێك بێت دەر بکرێت لە تۆمار و ڕووداو و گریمانەکان، بۆئەوەی لەو لابۆرە نەبنە مێژوو نووسێك کە حیکایەتێك بگێڕنەوە کارەکتەر و زەمەن داخراوبن، بۆ ئەو کارەش "هەموو گێڕانەوە تاك ڕەهەندەکانی پێش خۆیان ڕەد دەکەن و ڕێ خۆش دەکەن بۆ گێڕانەوەیەکی فرە ڕەهەند"((٤)) ئەگەر تا ئەو ساتە وەختە دوالیزمەکان جوغزێك بە مەداری عەقڵی شانۆکاری کوردیان کێشابێت و هەوڵدانەکان نەیان توانیبێت ئەو دوالیزمانە بڕووخێنن ئەوا لەو لابۆرەدا دوالیزمەکان تێك دەشکێندرێت، بە شکاندنیش نایەوێت دوالیزمی تر دروست بکەنەوە، بەڵکو چارەسەر بۆ دوالیزمەکان تەنها دەقی پێرفۆرمانسییە ئەو دەقەی لە ئەنجامی وێرانکردنی دوالیزمەکان سەر لەنوێ هەوڵی داڕشتنەوەی بونیادەکانی شانۆ دەدەن. دوالیزمی نێوان دەق و دەرهێنەر بەوە دەگۆڕدرێت کە دەقی پێرفۆرمانسی دەقێکی نووسراو نییە کە سنوورێکی دیاری کراوی هەبێت بەڵکو دەقێکە دونیایەك بۆشاییە، ئەو بۆشاییە گەمەیەکی دووبارە بۆوەی دەرهێنەر نییە لەگەڵ دەق، بەڵکو جەستەی نمایش هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو



بۆشایە دەدات لە ڕێگەی پەیوەندی خۆی بە پانتاییەوە، ئەوەش پرسیاری جەستەو گەرانە بە دوای نهێنی ئەفسوناوی، بۆیە **دوالیزمەکان بەو گۆرینە پەیوەندییە ئاسەوارەکانی لە عەقڵی شانۆکاری کورد دەسڕێتەوە بە تایبەت لە دوالیزمی نێوان هۆڵ و شانۆ، شوێنی نمایش دەلالەتەکانی خۆی ناگۆڕدرێت بۆ دەلالەتی تر کە لە هەموو هەوڵەکانی پێش خۆی و کە لەدەرەوەی بیناسازی شانۆ نمایش کراوە هەوڵدراوە دەلالەتیتر بەو شوێنە بدرێت،** کەچی رووخانبی ئەو دوالیزمە ئەلتەرناتیڤێکی ترمان بۆ دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە کە "دەقی پێرفۆرمانسی ئەو کارانەن کە لە شوێن و کاتی واقعی دەکرێن و ئامادەبوونی خۆم کارەکە دەبات بەڕێوە، نەك ئامادەبوونی ئامادە بوویەك کەمن نوێنەرایەتی دەکەم"٥ ئەوەش خولقاندنی جەستەی ئاهەنگ سازە لە نمایش "ئامانجی ئەم جەستەیەش بریتییە لە بیرۆکەی ئامادەگی جەستە لە پانتاییدا ئەمەش مەبەست لە ئامادەگی جەستەی نمایشکار و جەستەی بینەرانیشە، واتە بەرهەم هێنانی وزەیە لە یەك ساتدا"٦ هەر ئەو وزەیەشە دواجار دەبێتە تێکشکاندنی ترسی ناوەکی لای جەستەی وەرگر، چونکە جەستەی ئەکتسیۆن هەوڵ دەدات هەموو ئەو ترسانەی وەرگر لە ماتریال و ئەکتسیۆن و جیاکردنەوەی شوێنی نمایش و بینین بەرەو دنیایەکی تر ببات، کە ئەو جەستەیەکی ئازاد بێت، بە ئازادی خۆی بتوانێت "پێیەکانی بخاتە ئەو شوێنانە و بڵێ ئەمە شوێنی منیشە، بۆشی هەیە کار بە ماتریالەکان بکات، دەتوانێت تام و بۆن بکات بینین و بیستنیش دەبنە کردەیەکی ئاڵوگۆڕکراو"٧ بەوەوی وەرگر لە ناو ریتوالیکی تازە و کەشف نەکراودا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەش ئەفسوونی ریتوالە، کە ئەو رووبەرووی پانتاییەکی دەلالی دەکاتەوە، پانتاییەك توانای بەرهەم هێنانی دالی هەبێت، ئەوەش بەشداری کردنێکی راستەوخۆی وەرگرە، ئەو هەست دەکات نمایش فەرامۆش ناکات، بەڵکو بە بەشێکی تەواوکەری خۆی دەزانێت، ئەوەش لە ڕێگەی بوونی جەستەی ئەو لە کردەیەکی هارمۆنی لەگەڵ ئەکتسیۆن ریتوالی نمایشە شانۆییەکە پێکدەهێن، بەواتای دەیانەوێت لەرێگەی دارشتنەوەیەکی تر رەخنە ئاڕاستەی ئەو چەمك و دەستەواژانە بکەن کە پێشتر بزووتنەوەی شانۆی کوردیان لە رووبەرێکی تەسکدا نوقم کردبوو، بۆیە "شانۆ لە لابۆری لالش دا ئاوێنەی ژیان نییە، ئێمە دەمانەوێت بچینە نێو ئاوێنەکەوە. دیسانەوە پەنجەرەیەکیش ناکەینەوە کە لێیەوە بڕوانین بەڵکو دەمانەوێت بچینە نێو پەنجەرەکەشەوە"٨ گەرانەوە بۆ یادەوەری لە کەناڵی پەیوەندیکردنی دەنگە بە ئەکتسیۆنەوە، دەنگ بەرەو رابردوویەك

دەمانگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان دەنگ هەم هەڕەشەو هەم بەرگری لە جەستە دەکات، هەڕەشەی دەنگ لە جەستە ئەوە هەڕەشەی رابردووە، بەڵام بەرگری لە جەستە زەمەنی ئێستای دەنگە، هەر ئەوەشە لەوە دڵنیامان دەکات کە دەنگ و یادەوەری پارێزگاری لە هێلێکی تەریب دەکەن، ئەوا "تارمایی دەنگ دەخولقێت وەکو شوێنی نا ئامادەیەك، کە خۆی بۆ ئامادەیەك دەگۆڕێت"٩ خود کاتێك بەرەو رابردوو دەگەڕێتەوە تووشی کێشەیەکی فەلسەفیە دێت ئەویش گرفتی بوون و لە دەستدانی شووناسە، ئەو بوونە فەلسەفییە لەنێو ئاماژەکاندا دەر دەکەونەوە (ئاو) دەکرێت بە ئەیقونە تا دواتر (ئازار چەشتن) ببێت بە رەمزەکەی، کە ئاماژەکەی مردن و ژیانە، ئەوەش رەمز بە زەمەنی خولقێنەری ئێستا نانووسێتەوە، بەڵکو بۆ سۆبستاتری ژیان دەیگەڕێنێتەوە کە غەریزەیەکی ئەزەلی خودە، ئەو غەریزەیەی دەبێتە مانەوەی خود، بەدوای بوون و فەناکردنی جەستەی خود دێت، ئەوەش پەیوەندی جەستەیە بە (یادەوەری+هەنگوین) هەر بۆیە "لە ساتی ئازار چەشتن و چێژی هەنگوینی گەرمدا جەستەمان بەشێك نابێت لە پانتایی بەڵکو پانتاییە"١٠ ئەگەر ئەکتسیۆنی دووەم ئینترۆدۆکتیۆن بێت بۆ چەمکی فەلسەفە ئەوا ئەکتسیۆنی سێیەم چڕبوونەوەیە لەناو ئاماژەی زمانەوانی جەستە کە کۆمەڵێك پەیوەندی تازە لە بۆشاییدا ئاشکرا دەکات: پەیوەندی وەرگر بە بۆشایی و جەستەی نمایش، دۆزینەوەی وەزیفەی سیمانتیکی موفرەدەکانی ئەکتسیۆن.

کە سۆبجێکتی دەق لەناو بۆشاییدا بەرەو نادیارێك دەڕوات، ئەوەش نووسینە لەسەر جەستەی کۆ بەشداریکردنە لەساتی (شادی، ئازار، دڵە راوکە، فەنابوون) کە لە فەنابوونی جەستەوە دەنگ هەوڵدەدات خۆی بنوسێتەوە، چونکە "دەنگ درێژبوونەوەی جەستەیە" ١١ ئەوەش ساتی هارمۆنی بوونی دەنگ و جەستەیە، کە دەنگ درێژە بە پەیوەندییە دەلالییەکانی جەستە دەدات و دەیخاتە نێو ئاماژەی زمانەوانییەوە، ئەویش بۆ گەیشتنە بە ئەویتر. ئەکتسیۆنی خواردن و خواردنەوە (ساوەر، نان، شەربەتی ترێ) کە خولقاندنی مۆتیڤی ریتوالییە. لە بە وێنە بوونی خود سۆبجێکت لە ئازارە خودییەکانی بە پێچەوانەی سەرەتا ئەمجارەیان خۆی جیا دەکاتەوە لە ئازار و یادەوەری کۆمەڵی، بەڵکو بەرەو یادەوەری خود دەگەڕێتەوە، بە مانای لەزەتی کۆ لەلایەن تاکەوە وێنەیەکی فەردانی بەرهەم دێنێتەوە، ئەویش بە پۆرترێت بوونە کە بەڕژانی خوێنی عوزر ئازارەکانی دەبنە پۆرترێت، بەواتای خوێن وێنای یادەوەری خود دەکات.

خود لە فەنابوونی جەستە دەیەوێت گیان بە شتەکان ببەخشێت، ئەوانەی توانای بەدواندنی وەرگریان هەیە، بۆیە دوای ونبوونی شوێنەوارەکان دەکەونە پەیوەندیکردن بە یادەوەری وەرگر لە رێگەی جل و بەرگە نووسراوەکان و چوار چێوەی بێ پۆرترێت، بەدوای مانەوەی ماتریالەکان لەگەڵ ئامادەبوواندا کە مانەوەی ماتریالەکان پرسیاری یادەوەرییە بۆ گەڕان بە دوای هەنگوین، لێرەدا رووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: کە ئەگەر ماتریالەکان جەستەی یادەوەری پێکبێنن، ئاخۆ سۆبجێکت توانای بەرهەم هێنانی هەنگوینی دەبێت؟ ئەو پرسیارە دەروازەیە بۆ دوان لە ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش، دوانیش لەو لابۆرە ناکرێت لە دووتوێی لاپەڕەکان بەشداری لەو پرۆسەی وەرگرتنە بکەین، بەڵکو بە بێ بینینی ئەزموونەکانی ئەو لابۆرە ئەو پرسیارە توانای بەزاندنی سنووری پرسیاری نووسراوی نییە، بۆیە هێنانەوەی ئەزموونەکان بۆ (ئێرە) دەبێت پرۆژەی کارکردنی ئەو لابۆرە بێت تا شوێنگە و خاسیەتی ئەزموونی شانۆیمان بناسین.

پەراوێز و سەرچاوەکان


١_ یادەوەری+هەنگوین/ شەماڵ عومەر، نیگار قەرەداغی/ ئایندە ژمارە ٦ ل ١٥٣ _١٦٢

٢_ هەمان سەرچاوە ل ١٥٩

٣_ لێرەدا گەڕانەوە چەمکێکی نۆستالۆژی نییە، بۆئەوەی لە ئێستا بەرەو رابردوو بگەڕێینەوە، بەڵکو مەبەست لە متمانە کردنەسەر ئەنترۆپۆلۆژیایە وەك زانست بۆ ئەوەی بگەینە ژینالۆژیای زمان

٤_ دنیای شتە بچوکەکان/ رێبوار سیوەیلی، دەزگاری سەردەم (سلێمانی) ١٩٩٩ ل ٢١٤

٥_ مێزگردێك لەگەڵ نیگار حەسیب قەرەداغی، کۆشکی نازە (هەولێر) ٢٠٠٠/٩/٢

٦_ لابۆری شانۆی لالش، رێگا (پاشکۆی رێگای کوردستان) ژمارە ٣٥٠، ١٩٩٩/٥/٥

٧_ یادەوەری+هەنگوین، ل ١٦٠

٨_ ئاهەنگی دامەزراندنی لابۆری شانۆی لالش، ئێستا ژمارە ١٩

٩_ دیدارێك لەگەڵ شەماڵ عومەر، ئایندە ژمارە ١١

١٠_ یادەوەری+هەنگوین، ل ١٥٤

١١_ هەمان سەرچاوە ل ١٥٥

# پەیڤێک بۆ تەوەر

**بەسەرپەرشتی: فریاد ئەحمەد**

لە درێژەی ئەزمون و پرۆژە لابۆریەکانی لابۆری شانۆی لالش پرۆژەی (سەرەتای گفت) وەك پرۆژەیەکی ئەزمونکاری لەچەندین شوێن و پانتایی جیاواز لەچەندین ڤیستڤاڵی شانۆیی نمایش کراوە، کۆمەڵێك ووتاری ڕەخنەیی لەبارەوە نووسراوە، زۆربەی ئەو نووسینانە بەپێنووسی شانۆکارانێکی دیار نووسراون، ئێمە هەوڵ دەدەین لەم تەوەرە بەشێکی ئەو نووسینانە بڵاو بکەینەوە، دیارە بەهۆی هەندێك هەڵەی تەکنیکی کە لە توانای ئێمە بەدەر بوو نەمانتوانی بەشێکی تری ئەو نووسینانە بڵاو بکەینەوە، لەوانە ووتارێکی شانۆکاری عیراقی (د.عقیل مهدی) بۆیە ئەو تەوەرە لەبارەی ئەو ئەزمونە فایلێکی تۆکمە نیە لەئاست دەوڵەمەندی ئەو پرۆژەیە، بەڵام نەدەکرا چیتر ئێمە پرۆژەکەمان دوا بخەین، بەتایبەت هەستمان دەکرد ئەزمون و پرۆژەکانی لابۆری شانۆی لالش شایەنی ئەوەیە کە مەلەفێکی شانۆکاری بۆ تەرخان بکەین، ئێمە بەتەنیا مەبەستمان بە ئەرشیف کردنی پرۆژەکانی ئەو لابۆرە نیە بەقەد ئەوەی دەمانەوێ مەعریفەیەکی رۆشنمان لەسەر پرۆژەکان هەبێت بە تایبەت کە کەسانێکی پسپۆر بۆچونی خۆیان لەبارەوە دەربڕیووە، ئێمە وەك ئلتیزامێکی ئەخلاقی ئەم تەوەرە دەخەینە بەردەست.

# ئاماژەیەک بۆ سەرەتای گفت

**د.عقیل مهدی یوسف**

ئەزمونی شەمال عومەر توێژینەوەیە لەبارەی بەهای ئەزمونکاری، کە خۆچەکدارکردنێکی زاڵە بە بوێری و گەڕانێك کە ناویناوە بێدەنگکردن و نهێنی و ئالۆزیی یا ئامادە نەبوون لەگوتاری فەرمی تەقلیدی، لەبازنەیەکی هونەری شەماڵ لەگەڵ نیگار و ئەلیس رەهەندێکی تازەیان درووست کرد، لەبەر ئەوەی هەڵسان بە ئامادەکردنی دەنگی ڕێکخەر، ئەوان دەسکاری بارودۆخێکی نوێیان کرد، ڕەفتاریان لەگەڵ کەرەستەکانی وەکو قوماش و کورسی و مێز دەکرد، بۆ هەنگاوێکی تێپەڕی ڕۆژانەو جێگیرکردنی بنەماکانی لەرێگەی متمانەکردن لەسەر دیمەنە جێگیرو نەگۆڕەکان، یەکەمجار ئاماژەکاری بۆ دەنگ و دواتر بۆ جەستە و دووەمیش بۆ خوڵقاندنی نووسینەوە لە فرەیی بۆ زمان،کە بەشداری بکات بۆ بینین و بیستن لە تەقاندنەوەی لای هەر وەرگرێك، بۆ ئەوەی مانایەکی تایبەت ئیرادەی شوێنەوە، ئەوسا فکرمان بباتەوە سەر ئەو حالەتە ریتوالیەی کە بە شێوەیەکی گشتی و سەراپاگیر خۆمالی داخراو ببەستێتەوە بەدەوردراوی مرۆیی.

وەك رەخنەگرێك لەنمایشەکەدا گوێبیستی چەند پارچەیەك بووین لە ئەفسانە ناسراوەکەی گلگامش، ساتەوەختی گەڕان بەدوای نەمریدا، لەبارەی بەهای باڵا کە بەمانای موقەددەس دەیبینێت، بەڵام لەمۆرکە ئاینیە میتافیزیکیەکەی گۆڕاوە بۆ مۆرکێکی ڕەفتارگەری ئاکاری نەتەوەیی، ئەوەش دیالەکتیکێکە لەنێوان جێگرەوەکان کە گەشانەوەیەکی سەرسورهێنەریان بۆمان درووست کرد لەئەزمونی شەماڵ و نیگار و ئەلیس، ئەوە ئەزمونێکی گەشاوەیە لەو شێوانەی کە لە شانۆی جیهانیدا هەیە.

**وەرگێرانی: بونیاد محەمەد**





# دەنگ سەر لەنوێ جیهان دادەڕێژێتەوە

**د. ابراهیم الفو**

پاش ماوەیەکی دوور و درێژ لە بێدەنگی ... پاش ئەوەی تەختەی شانۆ لە دروشمەکانی بینین ڕۆچوو بوو، کۆمەڵی لالیشی شانۆیی بەرەگەزی دەنگی تەختەی شانۆیان هەژاندو وە ئاگاهێنایەوە ... بە ئاراستەیەکی نوێ هەنگاوی نا بە دوور لەو ڕێگە نەریتی و باوەی کە هەبوو ... بە ئاراستەی دارشتنی دیمەنە شانۆییە هەمە چەشنەکان لە سەر بنەمای دەنگ.. ئەگەر ویستت ئەوا چاوەکانی خۆت بە بەتاڵی دەبینی ... ئەگەر ویستیشت ئەوا بێدەنیەك لەبرینەکانت هەست پێدەکەیت ..

بە سەر سامی و شەیداییەوە کە زمان لەگەڵ ویژدان قسە دەکات بێ ئەوەی بتخاتە نێو چواچێوە کانی زمانی تەقلیدی ... تۆ لەبەردەم کۆمەڵە شەپۆلێکی کە هەڵتدەگرێت بەرەو دروشمە سەرسامەکان یاخود بە شێوەیەکی جیاواز هەستەکانی تووڕەیی و ڕەك لێبوونەوەت تێدا دەوروژێنێ .. پاشان چەند جارێك دەتهاوێتە نێو کەشی نغرۆ بوون کە بە تەمەکانی بینبین پڕ بووە.. دیمەنگەلێك کە لە هەستێکی سۆفیگەرانەوە سەرچاوەی گرتووە .. وە لە تۆنەکانی ڕابردووە سەختەکانەوە.. پاشان دەتبا بەرەو کەنارەکان و وویستی دۆزینەوەی هاولاتی ماندووت لا دروست دەکات کە زەمەن لە بیری کردووە یاخود دەیەوێت لە بیری بکات.

جەستە لێرەدا چەندین جۆری تایبەتی ڕۆشنایی دەخاتە ڕوو کە تۆ لە خۆتدا هەستیان پێدەکەیت، هەندێك جار بەرەو بنیادە ڕووخاوەکان، هەندێك جاریش بەرەو داهاتووە گەشەکان، هەندێك جاریش بەرەو سەوزاییەکان، جەستەکان لە دایك دەبن لە هەموو ساتە جیاوازەکاندا جا چ لە بێدەنگیەکاندا بێت یان لە کاتی جولانەوەیاندا جەستەیەك دەبینی گەشە دەسەنێ و درێژ دەبێت، ئەویتر دەتەقێتەوەو پارچەکانی پەرت دەبن بەڕووبەرەکانی ئەو هۆڵە بێدەنگەدا و بەرۆشناییەکان، کە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر سۆزداریت.

**سینوگرافیا و بۆلۆفینیای نمایشەکە...**

ڕووبەرێکی سپی و بێ خەوش، کەبۆ یەکەم جار پێیەکانی وەسەر کەوتووە، دوو کورسی بچووك یەکێکیان لە ڕووبەرەسپیەکە ئەوی کەشیان تۆزێك لەولا تر، ئەوی کۆتا هەڵگری خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی گەورەیی و سەرداری .. هەر سێك سیفەتەکانی جیهانی سەرەتایی ئاڵو گۆڕدەکەن یان هەندێك جار هەست دەکەیت کە هیچ پەیوەندییەکی بە کەتواری ئەم زەوییەوە نیە.. دەنگ و سێبەرەکان دەبنە هۆی متمانە و سەروەری یاخود

جەستەیەکی ڕۆچوو لە ئازارو خۆشیەکان ، سەروەری و متمانە لەو ڕووبەرەوە سەرهەڵدەدەن  کە گوازەرەوەیەکی دەنگی وەك خوێنە ڕژاوەکانن، ئەوە زمەنێکە دەیزانین و دەرکی پێدەکەین ، کە بە شۆڕش ئاهەنگ دەگێڕێت .. هەندێ جار جەستەی گۆرانی بێژەکە کەخاوەن دەنگێکی زوڵاڵە ڕەنگەکانی هێزێکی ستەمکارانەی بە سەردا دەبارێنێ .. وە دەرپەڕینێکی ورووژێنەرانە بۆ سەرجەم کارە شاراوەکان.

نمایشە شانۆییەکە یاخود تیپەکە (لالیشی شانۆیی) خاوەن چانسێکی تایبەت بوون کە بە تایبەتمەندی  داهێنان و دۆزینەوە لەسەر ئەو ڕێگەیە، بە متمانیەکی زۆرەوە جیا دەکاتەوە.. ئەگەر چی لە نێو ڕەگەزەکانی ئەزموون و درێژە هونەرییەکان هەندێك کاروبار  وە دیار نەبوون کەدەکرا بخرێتە سەر ئەو ئەزموونە تاکگەراییە دروستە، وەك سوود وەرگرتن لە فرە دەنگی ، یاخود سەرچاوەکانی ووزەی زیاتر، بوونی کۆمەڵە نوێنەرێك بە دەنگەکانیان، سێبەری تر لە دەنگە سەرەکیەکان، هەروەها وەرکێڕانی بە شە جوڵاوەکان لەنمایشەکە بۆ بۆ ڕەنگە ڕۆشنکەرەکان کە دەکرا بوارێکی باشتر بۆ دەنگەکان بڕەخسێنینت کەزیاتر هەستپێکراو بن و کاریگەرییان زیاتر بێت کە لەو باوڕەدام بۆ ئەم ئەزموونە ڕەهەند گەڵکی زیاتری لەخۆدەگرت  کەزێتر توانای پێدەبەخشی لە سەر دروستکردنی کەش و هەوایەکی شانۆیی کاریگەرتر ، **ئێمە با ئەوەمان لە یاد نەچێت کە بەم ئەزموونە مامەڵە لەگەڵ بینەرێکدا دەکەین تارادەیك بەشێك لە شارەزایی هەیە.. وە ڕاهێنراوە لەسەر بینینی دیمەنگەلێك کە هەر هیچ نەبێت دەتوانێ دەرگا داخراوەکان بکاتەوە،** ئەگەر ئەم تیپە خۆی ماندوو بکردایە لەدۆزینەوەی ئەم جۆرە زاراوە درامیە کە یارمەتی پێشنیاری کۆمەڵە پرسیارێك دەدات دەربارەی مرۆڤی سەردەم، روحیە یان گەردوونیە، بواری ئەزموونگەرییەکە فراوانتر دەبوو ، وە یارمەتی ئەو گوڵە تازە پشکوتوەی دەدا کەڕەنگی جۆراو جۆر لەبەر بکات لەم بوارە سەرەتاییەیدا، هەروەك چۆن ئەزموون کاریگەری هەیە لە سەر چەشنە جیاوازەکان لە چەشنەکانی بەیەك گەیشتن.

سڵاوێکی تایبەت بۆ هەردوو هونەرمەندان شەماڵ و خێزانە جوان و دەنگ خۆش و ئێسك سووکەکەی و سێیەمیان هاوڕێ خاوەن بوێریە هونەری  و ئاست بەرزەکەیان، خۆشبەخت بووین بە ئامادەبوونمان لەو کەشە شانۆییە کە چێژێکی هونەری و روحیمان پێکەوە وەرگرت، وە کە لە شانۆ دەرچووین جیاواز بووین لەو کاتەی کە هاتبووین .........            وە ئەمەندەش بەسە.

**و: زەردەشت عەلی**